شانۆنامە

# مالّى خاوێن[1]

نووسەر:

## سارا ڕۆوێڵ[2]



وەرگێری فارسی :

## مازیار معاونی

وەرگێران لە فارسییەوە:

## ڕەحمان عەزیزی

[1] *The Clean House*
[2] Sarah Ruhl

## مێژووی پێشکەش کەردنی شانۆنامەکە:

شانۆی "مالّی خاوێن" بۆ یەکەمجار لە سالّی ٢٠٠٠ لەلایەن سەنتەری شانۆی مەکارتەر لە پرینستۆن ڕاسپێردرا.

یەکەم نمایشی گشتی و تەواوەتی ئەم شانۆگەرییە لە ١٧ی ستامپر ٢٠٠٤ لەلایەن گرووپی شانۆی شاری «یەل»لە دەرهێنانی جەیمس باندی نمایشکرا.

هەروەها شانۆگەرییەکە لە سالّی ٢٠٠٦ لە شانۆی گودمەن لەلایەن «ڕۆبەرت فۆلّس»ەوە بە کاستێکی نوێ دووبارە کرایەوە.

دوایین نمایشی ئەم شانۆگەرییە تا ئێستا لە شانۆی لینکۆلّن لە دەرهێنانی «ئەندرێ بیشۆپ »بووە، کە لەم نمایشەدا گرووپێکی جیاوازی ئەکتەر بەکارهێناوە بە بەراورد بە یەکەم نمایشی.

## کارەکتەرەکانی شانۆنامەکە:

**لین:** پزیشکێکی ژن کە تەمەنی ٥٢ یان ٥٣ ساڵە. بەگشتی، جل و بەرگی سپی لەبەر دەکات.

**ماتیلدە:** خزمەتکاری لین، ژنێکی تەمەن ٢٨ یان ٢٩ ساڵ بەگشتی جلی ڕەش لەبەر دەکات.خەڵکی بەڕازیلە.ڕووخسارێکی وشک و بێ ڕۆحی هەیە.

**ڤێرجینیا:** خوشک لەین، ژنێکە تەمەنی ٥٨ـ٥٩ ساڵە

**چارلز:** هاوسەری لین، پیاوێکە تەمەنی پەنجاکانە. پزیشکێکی نەشتەرگەری میهرەبان و بەزەییدار. لە ژێر پالّتۆ سپییەکەیدا لە منداڵ دەچێت. لە یەکەم ئەکتدا چارلز ڕۆڵی باوکی ماتیلدە دەگێڕێت.

**ئانا:** ژنێکی ئەرجەنتینییە، کارەکتەری کاریزمایە لە یەکەم ئەکتدا، ڕۆڵی دایکی ماتیلدە دەگێڕێت. لە لین گەورەترە.

**تێبینی:** پێویستە هەموو کارەکتەرەکانی ئەم شانۆگەرییە بتوانن گاڵتەیەکی باش و کۆمیدی بگێڕنەوە.

**شوێن:**

**وێنەیەکی جیهانێکی تری ویلایەتی «کۆنتێکتیکۆت[٣]» یان خانوویەک لە نێوان دەریا و شارەکەدا.**

**ژووری میوانێکی سپی بە پارچە مۆبیلیاتێکی سپی و گوڵدانێکی سپی و چرایەکی سپی و فەرشێکی سپی دەبینرێت.**

**باڵکۆنێک.**

**تێبینی: پێویست ناکات ژووری میوان پڕ بێت لە کەلوپەلی ناوماڵ، هەرچەندە دەبێت بە شێوەیەک بێت کە ڕوون بێت کە وازی لێناهێنرێت و بەکاردەهێنرێت.**

**فەزا دەبێت هێزی گۆڕانکاری سەرسوڕهێنەری هەبێت.باڵکۆنەکە دەبێت بەرز بێت و لە هەمان کاتدا ئاسودەیی و ئارام بێت.بینەران لە نزیکەوە (مەودایەکی زۆر نزیک) چاودێری باڵکۆنەکە دەکەن.**

**تێبینییەک دەربارەی بێژەکردنی دروستی ناوەکان**

**ماتیلد بە شێوەزاری ئەمریکی کارەکتەرەکانی شانۆگەری ماتیڵدا بێژە دەکرێ و دەخوێندرێتەوە.**

**ئانا پێش ئەوەی بزانێت کە بەڕازیلییە بانگی دەکات ماتیڵدا.ئەم ناوە لەلایەن خودی ماتیلدە و کارەکتەرەکانی دیکەی شانۆنامەکەمانەوە دەیڵێنەوە، کە لە ڕاستیدا بێژەکردنی دروستی بەڕازیلی ئەم ناوەیە.**

**خاڵێک سەبارەت بەو ئەکتەرانەی کە بڕیارە دوو ڕۆڵ بگێڕن**

**ئەوەی کە ئانا و چارلز لە یەکەم ئەکتی شانۆنامەکەدا ڕۆڵی دایک و باوکی ماتیلدە دەگێڕن، خاڵێکی گرنگە.**

**چونکە ناچارن تەواوی یارییەکەیان بەبێ دیالۆگ و بە بێدەنگی و جوڵە ئەنجام بدەن.**

**گۆڕانی دۆخی ئانا لە کۆتایی شانۆنامەکەدا دەبێ ببێتە هۆی سووڕێکی بازنەیی لە ماتیلددا، سووڕێکی جووڵە لە مەرگەوە بۆ ژیان و پاشان دووبارە بۆ مردن.**

---

[٣]- یەکێک لە ویلایەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

## ماڵی خاوێن

### پەردەی یەکەم:

### ١-ماتیلدە

ماتیلدە ڕووبەڕووی بینەران دەبێتەوە گاڵتەیەکی درێژ بە زمانی (پرتەقاڵی«پورتوگالی» )دەگێرەتەوە بینەر تەنها تێدەگات کە گاڵتەیەک دەگێڕێتەوە، هەرچەندە ڕەنگە لە زمانە پرتەقاڵییەکە تێنەگات. گاڵتەجاڕییەکەی تەواو دەکات و شانۆکە بەجێدەهێڵێت.

### ٢- لِین

لین، لە وتارێکدا بۆ ئامادەبووان:

ئەم مانگە مانگێکی زۆر خراپ بوو. خزمەتکارە بەڕازیلیەکەم ڕۆژێک هەستی بە خەمۆکی کرد و لەو کاتەوە وازی لە خاوێن کردنەوەی ماڵەکە هێنا.

بەردەوام داوام لێدەکرد ماڵەکە خاوێن بکاتەوە.

بەڵام نەدەچووەوە .

تەنانەت بردم بۆ نەخۆشخانە و دکتۆر دەرمانی پێدا، بەڵام تا ئێستاش ماڵەکە خاوێن ناکاتەوە.

لەو کاتەوە خۆم خەریکی پاککردنەوەی ماڵەکەمم.

بەڕاستی داوای لێبوردن دەکەم کە ئەمڕۆ بەهۆی پاککردنەوەی ماڵەوە نەمتوانی بچمە نەخۆشخانە.

### ٣- ڤیرجینیا

ڤێرجینیا، لە وتارێکدا بۆ ئامادەبووان:

ئەو کەسانەی کە لە چێژی پاککردنەوەی ماڵەکانیان چاوپۆشی و پشتگوێ دەخەن، مرۆڤێکی گەمژە و نەفامن.تۆئەگەر ماڵەکەت پاک نەکەیتەوە چۆن دەزانیت لە ژیانتدا پێشکەوتوویت یان نا؟من تۆز و خوڵم خۆشم دەوێت.چونکە تۆزو خوڵ هەمیشە وا لە مرۆڤەکان دەکات پێشبکەون و گشت کاتێک هۆکاری گەشەسەندنی مرۆڤە.کاتێک خاوێنی دەکەیتەوە، لە ڕاستیدا خەریکی لە ژیانتدا پێش دەکەوی.ئەگەر ئەم کارە نەبووایە

پێم وابێ لەخەم دا دەمردم.ئەگەر تۆزێک بۆ خاوێن کردنەوە نەبوایێت .خەڵک کاتێکی زۆر بە بیرکردنەوە و خۆشی بەسەر دەبەن،وە ناچار بووم جگە لە بیرکردنەوە شتێکی تر بکەم وە ئەو کارە دەتوانێت ئازاری دەستەکانم بدات.

ها ها ها گاڵتەم دەکرد.

بێگومان من شێت نیم.تەنها بە دەمم دا هات.

خۆشکەکەم مرۆڤ سەیروسەرنجڕاکێشە.لە نەخۆشخانەیەکی گرنگ دکتۆرە.هەمیشە بۆمن جێی پرسیارە چۆن دەبێت نەخۆشخانەکە لە نەخۆشخانەیەکی تر گرنگتربێت؟

بەڕای من نەخۆشخانە شوێنێکە بۆ کەسانی زیادە.شوێنێک کە تەنها بەکەڵکی پاراستنی تەرمەکان دێت.بەڕاستی داوای لێبوردن دەکەم.پێم وایە جارێکی تر تێکەڵم کردبێتەوە.

خوشکەکەم وازی لە سوودەکانی خاوێنکردنەوەی ماڵی خۆی هێناوە.بێگومان ئەمە بابەتێکی شەخسییە- بەڵام بەهەر حاڵ وازی لەم کارە هێناوە.نازانێت چەندی دەوێت تا تۆزەکە لە ژێر جێگاکەیدا جێگیر دەبێت.نازانێت مێردەکەی پەیوەندی لەگەڵ ژنێکی خراپدا هەیە.چونکە هەرگیزبۆن بە جلە پیس بووە کانی ژێرەوەی ناکات.بەخاوێن نەکردنەوەی ماڵەکەی سەرنجی هیچ کام لەم شتانە نادات.بەڵام من بە تەواوی دەزانم کەی تۆزەکە لەسەر ئاوێنەکە دادەنیشێت.هەڵبەتە لەبارەی من وە بە هەڵە حوکم مەدەن.من نە تەنها خزمەتکار نیم، بەڵکو کەسێکی زۆر کلاسیک و خوێندەوارم.بەڵام ئەگەر لە هەر ساتێکی شەو و ڕۆژدا بمرم هەموو شوێنێکی ماڵەکەم پاک و خاوێنە و کەس پێویستی بە پاککردنەوەی هیچ شوێنێک نییە.

## ٤. ماتیلد

ماتیلدە بۆ ئامادەبووان:

ئەمە چیرۆکی دایک و باوکمە.باوکم بەنازدارترین و قسەخۆشترین خەڵکی گوندەکەیان بەناوبانگ بوو.تا تەمەنی شەست ساڵی هاوسەرگیری نەکردووە، چونکە دەیویست ژنەکەی وەک خۆی کەسێکی قسەخۆش بێت.دەیگوت ئەوەندە چاوەڕێ دەکات هەتا ئەو کەسە دەدۆزێتەوە کە حەزی لێیە.دواجار ڕۆژێک دایکم ناسی.هەمیشە پێی دەگوتم: دایکت- - - و دوای بێدەنگییەکی درێژ دەیگوت---- - (ماتیلدە دوای بێدەنگییەکی درێژ) - - -لەمن قسەخۆشتروپێکەنیناوترە..لەو ڕۆژەوەی یەکترمان ناسیوە تەنانەت یەک جاریش جیا نەبووینەتەوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە هەمیشە بە تامەزرۆییەوە ئامادە بووم گوێم لە گاڵتەجاڕی وقسەخۆشتری داهاتوو دایکت بێت.دایک و باوکم ڕاهاتبوون سەیری چاوی یەکتر بکەن.وەک ئاژەڵ پێدەکەنین.تەنانەت کاتێک کە خەریکی خۆشەویستی بوون هەر بەم شێوەیە پێدەکەنین.دایکم بوو دایک بوون کەمێک پیربوو.چونکە زۆرێک لە داواکارانی ڕەتکردبووەوە.دەیگوت ئەگەر ڕۆژێک ناچار بێت هەموو کاتەکانی بە پێکەنین بەو گاڵتەجاڕیانەی کە بە هیچ شێوەیەک کۆمیدی نین بەسەر ببات ، بە دڵنیاییەوە دەمرێت.

(وەستان و بێدەنگی)

من ڕەش پۆشم چونکە ماتەم گێرم.دایکم سالی ڕابردوو مرد.تا ئێستا بیستووتە کەسێک بەهۆی زۆر پێکەنینەوە بمرێت؟دایکم ڕێک بەم شێوەیە مرد.تەنانەت دکتۆرەکەکانیش نەیانتوانی هۆکاری مردنەکەی ڕوون بکەنەوە.بۆچوون وبیروڕایان جیاواز بوو و بۆچوونیان وا بوو کە تفی  خۆی لە قوڕگیدا گیر کرد بوو هووی خنکاندنی، بەڵام بە وردی هۆکارەکەی  نازانن.لە کاتێکدا بە یەکێک لە قسە خۆش وگاڵتەجاڕەکانی باوکم پێدەکەنی، گیانی لەدەستداومرد.گاڵتەیەک کە ساڵێکی خایاند تا دروستی بکات.باوکم بۆ سالیادی هاوسەرگیریەکەیان دروستی کردبوو.دوای دایکم بەهووی زۆر پێکەنین گیانی لەدەستدا ومرد  باوکمیش خۆی کوشت.ئەوەیە کەئێستا من لێرە خزمەتکارم.

## ٥- لین و ماتیلد

لین دەێتە ژوورەوە.ماتیلد لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوە  دەکات.

لین: ئێستا باشیت؟

ماتیلد: بەڵێ. من باشم.

لین: تکایە هەرکاتێک توانیت حەمامەکەم خاوێن بکەەوە.

ماتیلد: باشە.

لین: دوا نەکەویت.

ماتیلد: باشە.

«ماتیلد سەیری لین دەکات.»

لین: ماڵەکە زۆر پیسە.

«ماتیلدە بێدەنگە»

لین: ئەمە بۆ من زۆر قورسە.من هەرگیز حەزم لێنیە  فەرمان بە کەسانی دەوروبەرم بدەم.  هەرگیز لە ژیانمدا خزمەتکارم نەبووە.

«ماتیلدەهێشتابێدەنگە»

لین: ماتیلدە پێش ئەوەی بێیتە ئەمریکا لە وڵاتەکەت چیت دەکرد؟

ماتیلد: من خوێندکار بووم. خەریکی خوێندنی کۆمیدی بووم. مەبەستم نوکتە و شتی لەو جۆرەیە.

لین: من بە جددی قسەدەکەم.

ماتیلد: منیش بەڕاستمە.دایک و باوکم خۆش قسەترین کەس بوو لە بەرازیل.هەڵبت  زۆر زوو مردن.

لین: ببورە، دەبێ زۆر قورس بوو‌بێت بۆت .

ماتیلد: من لە خێزانەکەمدا سێیەمین قسەخۆش بووم .دوای مردنی دایک و باوکم بووم بە یەکەم کەس. هەڵبەت کەس نەبوو بە گاڵتەجاڕیەکانم پێبکەنێت.لەبەر ئەم هەوویە ئیتر لەوێ نەمامەوە.

لین: زۆر سەرنجڕاکێشە.من هەرگیز لە هونەر تێنەگەیشتم.گوێ بگرە ماتیلدە تێدەگەم کە تۆ ژیانی خۆتت هەیە،ژیانێکی پرلەسۆزداری وخۆشەویستی،وە لە هەمان کاتدا تێدەگەم کە تۆ خزمەتکاری منیت،-ئەگەر لە ئاهەنگێکدا تۆم بینیایت و پێت بەوتبایم کە تۆ خەڵکی گوندێکی بچووکی بەرازیلیت و دایک و باوکت کۆمیدین، پێت دەگوتی کە تۆ کەسێکی سەیر و ژنێکی سەرنجڕاکێشیت. بەڵام ژیان زنجیرەیەک یاسا و ڕێسای هەیە، وە یەکەم جار کە تۆم بینی هەربۆئەم کارەم لەبەرچاو گرتی، لەبیرت دێت.؟ هەمان ئەو شوێنەی کە تۆم لەوەێ دامزراند.بە هیچ شێوەیەک حەزم لێی نییە کەسێکی هێندە سەرنجڕاکێش ماڵەکەم خاوێن کاتەوە.تەنها دەمەوێت ماڵەکەم خاوێن بێت.هەر ئەوە.

«لین هیچی وای نەماوە بگری»

ماتیلد (بە هاوسۆزیەوە): ئایا ئێستا کێشەیەک هەیە؟

لین: نەخێر، تەنها ئەوە..من پێم خۆش نییەلە ماڵەکەمدا فەرمان بە کەسێک دەدەم.ئەمەش دڵتەنگم دەکات. من پێم خۆشە کە تۆ هەموو ئەو کارانە ئەنجام بدەیت کە من دەمەوێت بیکەیت بەبێ ئەوەی بەردەوام بیرت بخەمەوە.

ماتیلدە: لە نەخۆشخانە بە پەرستارەکان دەڵێیت چی بکەن؟

لین: بەڵێ

ماتیلد: باشە ئێستا وا بزانە کە من پەرستارەکەتم.

لین: زۆر باشە...پەرستار، تکایە دەتوانی ئەو قاپە زیوییە خاوێن کەیتەوە؟

ماتیلدە: پزیشکێک هەرگیز ناڵێت پەرستار تکایە ئەو قاپە زیوییە خاوێن کەیتەوە؟ -

دکتۆرێک دەڵێ: پەرستار ئەو قاپە زیوییە خاوێن کەوە.

لین: تۆ ڕاست دەکەیت. پەرستار ئەو قاپە زیوینە خاوێن کەوە.

ماتیلد: بەڵێ دکتور.

«ماتیلدە مۆمی زیوینەکە وەردەگرێت و دەست دەکات بە خاوێن کەردنەوە.»

«لین بۆ چەند ساتێک سەیری دەکات پاشان لە دیمەنەکە دەردەچێت.»

٦. ماتیلد

ماتیلد واز لە پاککردنەوە دەهێنێت.

ماتیلد: من دایک و باوکم بەم شێوەیە لە خەیاڵمدا دێت.

مۆسیقا.

ژن و مێردێک بە پەلە دەردەکەون.

ئەوان سەما دەکەن.

هەرچەندە باشترین سەماکاری جیهان نین.

بە خۆشی و پێکەنینەوە سەما دەکەن.

ماتیلدە سەیری ئەوان دەکات.

ماتیلد دوعایان بۆ دەکات.

٧- ڤێرجینیا و ماتیلد

«زەنگی دەرگاکە لێدەدرێت.»

«مۆسیقاکە دەوستێت.»

«دایک و باوکی ماتیلدە سەکوی شانۆ بەجێدەهێڵن.ئەوان ماچ بۆ ماتیلدە دەنێرن.»

«ماتیلد بە دەستی ماڵئاواییان لێ دەکات.»

«جارێکی تر زەنگی دەرگاکە لێدەدرێتەوە.»

«ماتیلدە وەڵام دەداتەوە»

«ڤێرجینیا لەلە پشت دەرگاکەیە.»

ماتیلد: سڵاو.

ڤێرجینیا: سڵاو. ئایا تۆ هەمان خزمەتکاریت؟

ماتیلد: بەڵێ، وە تۆش خوشکی لینیت. وا نییە؟

ڤێرجینیا: بەڵێ. چون زانیت؟

# ماڵی خاوێن

ماتیڵد: کاتێک تۆزی وێنەکەتم دەسڕیی، خاتوو لین پێی وتم: ئەمە خوشکمە. بێگومان ئێمە زۆر لەیەک ناچین. کە تۆم بینی، لە دڵی خۆمدا گوتم: ڕاستە تۆ زۆر لەوان ناچیت، بەڵام لەگەڵ تۆدا دەگونجێت خوشکیان بیت................ من ناوم ماتیلدایە.

(بە شێوەزاری بەڕازیلی، ناوی خۆی ماچیل ج دەخوێنێتەوە).

ڤێرجینیا: پێم وابوو ناوت ماتیلدایە.

(بێژەکردنی ئەمریکی ناوی ماتیڵدا بەکاردەهێنێت)

ماتیڵد: بەڵێ، لێرەئەوە بێژەدەکرێت.

ڤێرجینیا: خۆشحاڵم کە تۆم ناسی.

ماتیلدە: منیش، ناوی ئێوە چییە؟

ڤێرجینیا: ناوم ڤێرجینیایە.

ماتیڵد: مەبەستت وەک ویلایەتی ڤێرجینیایە؟

ڤێرجینیا: بەڵێ.

ماتیلدە: تا ئێستا نەچوومەتە ئەوێ.

ڤێرجینیا: ڕەنگە من بچمە ئەوێ.

ماتیڵد: بڕۆی بۆ ڤێرجینیا؟

ڤێرجینیا: نەخێر. یانی، خۆ بێزارتان ناکەم؟

ماتیڵد: نەخێر. من تەنها خەریکی خاوێن کەردنەوەی ماڵەکە بووم. خوشکەکەت لە سەر کار.

ڤێرجینیا: ئەو هەمیشە لە سەر کارەکەیدایە.

ماتیڵد: دێیتە ژوورەوە؟

ڤێرجینیا: بەڵێ. ڕاستگۆیانە... هاتووم تۆ ببینم .

«هەردووکیان دەچنە ژووری میوان.»

لین پێی وتم، تۆ کەمێک لە سەر خۆو نیت؟

ماتیڵد: لەسەرخۆو؟

**ڤێرجینیا: مەبەستم ئەوەیە دڵتەنگیت؟**

**ماتیلدە: خۆیان وتوویانە؟**

**ڤێرجینیا: وەرە لە تەنیشتم دانیشە.**

**ماتیڵد: باشە.**

**«ڤێرجینیا دەچێتە سەر قەنەفەکە تا لەسەری دابنیشێت.»**

**«دەست لە قەنەفەکە دەدات.»**

**«ماتیلدە لە تەنیشتی دادەنیشێت.»**

**ڤێرجینیا: بیری ماڵەکەتان دەکەیت؟**

**ماتیلدە: بەڵێ زۆر (جەختی لەسەر دەکاتەوە) هەر کەسێکی تریش لە شوێنی من دەبوو،بیری دەکرد.**

**ڤێرجینیا: بۆیە هەست بە خەمۆکی دەکەیت؟**

**ماتیڵد: نەخێر. من پێم وانییە. خەمۆکی من لەبەر ئەوەیە - من حەزم لە خاوێنکردنەوەی ماڵ نییە. هەمیشە خاوێن کەردنەوە خەمبارم دەکات.**

**ڤێرجینیا: کەواتە تۆ حەزت لە پاککردنەوە نییە؟**

**ماتیڵد: نەخێر.**

**ڤێرجینیا: بەڵام پاککردنەوە ئاسانە.**

**ماتیڵد: بەڵێ.وایە**

**ڤێرجینیا: کەواتە بۆ بەدڵت نییە؟**

**ماتیڵد: من هەرگیز حەزم لە خاوێنکردنەوە نەبووە. کاتێک منداڵ بووم لە دڵی خۆمدا دەمگوت: ئەگەر زەویەکە پیس بێت دەتوانم سەیری سەقفەکە دەکەم، کە هەمیشە پاکە.**

**ڤێرجینیا: بەڵام من حەزم لە پاککردنەوەیە.**

**ماتیڵد: بەڕاستی؟ بۆچی؟**

**ڤێرجینیا: چونکە هەست دەکەم مێشکم دەشواتەوە.**

**ماتیلدە: ئایا ئەمە جۆرێکە لە بیروباوەڕی ئایینی؟**

ڤێرجینیا: نەخێر. تەنها ئەوەیە کە خاوێنکردنەوەی ماڵەکەم هەستێکی خۆشم پێدەبەخشێت. تەنها ئەمە.

ماتیلدە: بەڵام ئێوە بۆ پارە ماڵی خەڵک خاوێن ناکەنەوە. وانییە؟

ڤێرجینیا: نەخێر - - - من تەنها ماڵی خۆم خاوێن دەکەمەوە.

ماتیڵد:دی باشە. ئەمە جیاوازە

ڤێرجینیا: کاتێک شوێنێک خاوێن دەکەیتەوە هەست بە دڵتەنگی دەکەیت؟ یان پێش و پاشی؟

ماتیلدە: ئەوکاتە دڵتەنگ دەبم کە بیرلە خاوێنکردنەوە دەکەمەوە.بەڵام هەوڵ دەدەم لە کاتی خاوێنکردنەوەدا بیر لە خاوێنکردنەوە نەکەمەوە.لە کاتی وادا هەوڵ دەدەم بیر لە نوکتە وگاڵتەی پێکەنینی بکەمەوە.بەڵام هەندێک جار خاوێنکردنەوە بەڕاستی شێتم دەکات و هەست بە نەخۆشی و دڵتەنگی دەکەم. حەز بە قاوەیەك دەکەیت؟

ڤێرجینیا: بەڵێ، من ئاشقی قاوە خواردنەوەم.

«ماتیلدە دەڕواتە چێشتخانە بۆ هێنانی کوپێک قاوە .»

«ڤێرجینیا دەسماڵە کۆنەوتۆزەوەیکی خوشکەکەی هەڵدەگرێت.»

«ڤێرجینیا پەنجەی دەخاتە سەر مێزەکە بۆ ئەوەی بڕی تۆزەکە بپێوێت.»

»پاشان پەنجەی پیسی بە کەراسەکی دەسڕێتەوە.»

«پاشان هەوڵ دەدات کەراسەکی خاوێن کاتەوە، بەڵام هیچی دەست ناکەوێت بۆ پاککردنەوەی.»

«ماتیڵد دەگەڕێتەوە و قاوە دەداتە ڤێرجینیا.»

ڤێرجینیا: سوپاس.

ماتیڵد: تکایە.

«ڤێرجینیا قاوەکەی دەخواتەوە.»

ڤێرجینیا: قاوەیەکی باش.

ماتیڵد: ئێمە لە بەرازیل قاوەی باش وبە ئاستێکی بەرزەوە پێشکەش دەکەین.

ڤێرجینیا: ڕاستە. بەڕاستی قاوەکانتان باشن.

ماتیڵد: باشە. ئایا ئەمە یارمەتیت دەدات باشتر بمناسیت یان نا؟

ڤێرجینیا: لین هیچ شتێکی دیاریکراوی لەبارەی تۆوە پێ نەوتم. تەمەنت چەند ساڵە؟

**ماتیلده: ئەوەندە گەنجە کە پێستم هێشتا باشە و ئەوەندە پیرە کە لەم دواییانەدا لە دڵی خۆمدا بیردەکەمەوە: ئایا بەڕاستی پێستم هێشتا باشە؟با بزانم توانیم وەڵامت بدەمەوە؟**

**ڤێرجینیا: بەڵێ. تۆ تەمەنت بیست و حەوت ساڵە.**

**ماتیلد:ئافەرین.ڕیک لە خاڵەت دا**

**ڤێرجینیا: تکایە.شایانی نەبوو.سەیرکە ماتیلده (شێوەزاری ئەمریکی بەکاردەهێنێت)**

**ماتیلده: ماتیلده (شێوەزاری بەڕازیلی)**

**ڤێرجینیا: بەڵێ. هەر وەک ئەوەی تۆدەڵێی. سەیرکە پێشنیارێکم بۆت هەیە.**

**ماتیلد: چەپێشنیارێک؟**

**ڤێرجینیا: گرێبەستێک. من حەزم لە خاوێنکردنەوەیە. تۆش ڕقت لێیتی. بۆچی لە جیاتی تۆ ماڵکە خاوین نەکەمەوە؟ئایا نابێت؟**

**ماتیلده: گاڵتەم پێدەکەیت؟**

**ڤێرجینیا: نەخێر. هەرگیز .**

**ڤێرجینیا: من باش تێناگەم. کەواتە چیت لە من دەوێت؟**

**ڤێرجینیا: هیچ .**

**ماتیلد: ئەو کاتە...بۆچی؟!!!(بە بەردەوامی و درێژکراوە دەڵێیتەوە)**

**ڤێرجینیا: سەیرکە. هەموو پاشنیوەڕۆیەک تا کاتژمێر ٣:٣٠ خاوێنکردنەوەی ماڵەکەم تەواو کردووە. هەموو بەتانیەکانم کۆکردۆتەوە. ماڵەکە بێدەنگ و ئارامە.پەردە زێرینەکانی ماڵەکە گۆرانیی بۆ قەنەفەکان دەڵێنەوە.کەوچک و چنگاڵی زیوین شۆڕدەبنەو و ڕاست لە شوێنی خۆیان دادەنرێت.هەموو شتێک لە شوێنی خۆیدایە. ورد و دروست و بێدەنگ.**

**هەڵبەت ڕەنگە هۆکارێکی گرنگ ئەوە بێت کە نەمانتوانیوە منداڵمان هەبێت.**

**ماتیلده: ببورە،پێم ناخۆش بوو**

**ڤێرجینیا (هەوڵ دەدات خێراتر قسە بکات): پێت ناخۆش نەبێت، هاوسەرەکەم نەزووکە.**

**بێگومان نازانم ئایا دەتوانرێت ئەمە بۆ پیاوانیش بەکاربهێنرێت یان نا؟**

**بەڕای من دونیا هیچ کات شوێنێکی باش نەبووە بۆ منداڵان.**

هەرگیز متمانەم نەبووە لەم جیهانە ناشرینە و ناپاکەدا ئاگاداری منداڵانی پاک و بێتاوان بم.

لە شوێنێکدا کە چەند ئاگات لێیان بێت، ڕەنگە هەر بکەونە تەڵەی ناشیرینییەوە.

دیسان ڕەنگە کەسێک بیاندزێت یان دەستدرێژی بکاتە سەریان و بەکورتی داوێن پاکیان پەڵە دار بکات وە لە کۆتاییدا  بە ڕووت و قووت لە ناوەڕاستی ڕێگایەکدا بەڕەڵایان بکەن بۆئەوەی بمرن.. لە ناوەڕاستی ڕێگاکەدا کە زۆر کەسی نامۆ بە پاسکیل تێدەپەڕن و تەنانەت سەیریشیان ناکەن. بەڕاست من بیر لە کارێکی خۆبەخشانە دەکەمەوە، بەڵام تا ئێستا بڕیارم نەداوە چی؟

«بێدەنگی»

«ڤێرجینیا سەیری ماتیلدە دەکات»

ڤێرجینیا: لە تەمەنی بیست و دوو ساڵییەوە تا ئێستا ڕۆژێکی خۆشم لە ژیانمدا نەبینیوە. لە لایەکەوە نەمتوانی ئەو کارە بکەم کە حەزم لێیە،  هەموو ئەو لێهاتوونەشم لەدەستدا کە دەیانتوانی یارمەتیم بدەن لەم دۆزەخە دەربچم، ئێستاش وەک کەسێکی جیاوازم لێهاتووە.نازانم بۆچی ئەم شتانەت پێ دەڵێم ماتالینا.

«ماتیڵد بیر لە نیگەرانییەکانی ڤێرجینیا دەکاتەوە، بەڵام هیچ شتێک بە مێشکیدا نایەت.»

ماتیڵد:بەردەوام بە.

ڤێرجینیا: ئەدەبی یۆنانیم خوێندووە.هاوینێک من و هاوسەرەکەم چووینە ئەورووپا.ئێمە پێمان وابوو پشوو دەدەین و گەشتێکی باشمان دەبێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەک بەم شێوەیە ڕووی نەدا.پلانمان دانا بۆ بینینی ئەو وێرانانەی کە مابوونەوە و منیش ویستم لەسەریان بنووسم، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت کە هیچم نییە بیڵێم.پاشان لە دڵی خۆمدا وتم بۆچی کەسێک نایەت تۆزوخۆڵی ئەم هەموو وێرانە لاببات. خاوێنکردنەوەیەکی باش...........ببوورە . من چیم دەگوت..؟......!!!

ماتیلدە: تۆ دەتگوت لە تەمەنی بیست و دوو ساڵەوە ژیانت وێران بووە.

ڤێرجینیا: بەڵێ. سەیرکە، بەدڵنیاییەوە کاری پاککردنەوەی ماڵەکەم هەموو ڕۆژێک کاتژمێر سێ تەواو دەبێت، ئەوکات کاتم زۆرە.لە ڕاستیدا زۆر خۆشحاڵ دەبم کە بێمە ئێرە و ماڵەکەی خاوێن بکەمەوە پێش ئەوەی لین بگەڕێتەوە. ئەمە پێشنیاری منە. تەنها هیچی پێ مەڵێ چونکە حەزی لێ نییە.

ماتیلدە: باشە ئەگەر هەست بە باشتر بوونت بکات، من قسەم نییە.

ڤێرجینیا: لە حەمامەوە دەست پێدەکەم. بێگومان حەزیشم لە پاککردنەوەی ئاودەستە. چونکە زۆر، زۆر پیسە و دوای خاوێنکردنەوەی زۆر پاک و خاوێن  دەبێت.

## ٨- لین و ماتیلْد

«ماتیلده ڕۆژنامەیەکی تەنزئامێز دەخوێنێتەوە.»

«لین دەێتە ژوورەوە.»

لین: زۆر خاوێنە.

ماتیلْد: بەڵێ.

لین: دەرمانەکەت کاردەکات؟

ماتیلْد: ئێستا هەست بە باشتربوونی زۆر دەکەم.

لین: باشە...زۆر باشە.

«لین شانۆکە بەجێدەهێڵێت.»

«ماتیلده دەرمانەکەی دەردەهێنێت.»

«شووشەیەک دەکاتەوە. »

«حەبێک دەردهێنیت.»

«سەیری دەکات.»

«و فڕێی دەداتە ناو زبڵدانەکەوە.»

## ٩. ماتیلد

### ماتیلده ڕووبه بینەران:

ماتیلده: ئەو نوکته ناوازەیه وات لێدەکات ژیانت لەبیر بکەیت. ئەو گاڵتەجاڕییه وات لێدەکات هەموو شتێکی ژیانت لەبیر بێت.ئەو نوکته ناوازەیه کاتێک دەنووسرێت گەمژانه و بێمانا دەردەکەوێت.

دەگاته ئەوێ ئەو گاڵتەجاڕییه لەلایەن کەسێکی دیاریکراوەوه نەکراوه، بەڵکو له هەوادا بڵاو بووەتەوه، دەتوانیت له هەوادا ڕاوی بکەیت.

ئەو گاڵتەیه دەتوانێت له هەر شوێنێك بێت، له بەردەم فریشتەکاندا، بەردەم شەیتان، به کورتی له هەر شوێنێك بیری لێ بکەیتەوه.

ئەمه ئەو بیرۆکەیەی که له باوک و دایکم هەمه.

«مۆسیقا.»

«دایک و باوکی ماتیلده دەردەکەون.»

«له چێشتخانەیەک دانیشتوون.»

ماتیلد:دایک و باوکم له چێشتخانەیەکدان.

دایکم گاڵتەیەکی نائاسایی به باوکم دەگێڕەتەوه.

باوکم هێنده به توندی پێدەکەنێت که ئەژنۆی بەتوندی له بنی مێزەکه دەکەوێت.

دایکم ئەوەنده پێدەکەنێت که قاوەکەی له دەمی دەڕژێته دەرەوه.

من لەگەڵ دایک و باوکم لەو چێشتخانەیەم، تەمەنم تەنها هەشت ساڵه.

دەپرسم: کوێ  ئەوەنده پێکەنیی بوو؟

(من له مانای ئەو گاڵتەجاڕییه تێنەگەیشتم)

دایکم ئەڵێ: که تەمەنت گەیشته سێزده ساڵ جارێکی تر لێم بپرسه .

ئێستا تەمەنم سێزده ساڵه، بەڵام هێشتا تێناگەم مانای چییه؟

«دایک و باوکی ماتیلده سەیری دەکەن.»

«هەردووکیان دیمەنەکه بەجێدەهێڵن.»

## ١٠- ڤێرجینیا و ماتیلد

«ڕۆژی دواتر.»

«ڤێرجینیا جلەشۆراوە كان كۆدەكاتەوە.»

«ماتیلد سەیری كاركردنی ڤێرجینیا دەكات.»

«پێدەچێت ڤێرجینیا ڕازی و دڵخۆش بێت كە ماڵەكەی پاككردۆتەوە.»

**ماتیلد:** تۆ زۆر باشیت لە پاككردنەوە.

**ڤێرجینیا:** سوپاس بۆمیهرەبانیت.

**ماتیلدە:** پێت خۆشە گاڵتەیەكت بۆ بگێرمەوە؟

**ڤێرجینیا:** ڕاستییت دەوێت نا.

**ماتیلد:** بۆچی؟

**ڤێرجینیا:** حەزم لە پێكەنین بە دەنگی بەرز نییە .

**ماتیلد:** بۆ چی؟

**ڤێرجینیا:** چونكە دەنگی پێكەنینەكەی خۆمم بەدڵ نییە. پێم وایە وەک وزەوزی مێش وایە ، كەسێک ئەمەی پێ وتم نازانم مێردەكەم بوو یان كەسێكی تر؟ تۆ مێردت هەیە؟

**ماتیلد:** نەخێر.

**ڤێرجینیا:** باشتر.

**ماتیلدە:** مێردەكەت خۆشدەوێت؟

**ڤێرجینیا:** هاوسەرەكەم وەک قەنەفەیەكی نەرم و ئارام وایە.تەنها ئەوەندەی كە پێویستە جێگادەگرێت،نە زیاتر.پیاو خۆ نابێت زۆر قۆز وڕۆمانسی بێت.پیاو دەبێت بنەمای كاری بێت.ئەگەر كەسێک مێردی گونجاو هەڵنەبژێرێت، لە كۆتاییدا تووشی كێشە دەبێت.

**ماتیلد:** پێم بڵێ بزانم مێردەكەت وا هەیە بتخاتە پێكەنین؟!!

**ڤێرجینیا:** نا،بە هیچ شێوەیەک . ڕاستگۆیانە بڵێم هەر جارێک هەوڵی پێكەنینم دەدات، دەنگی سەیرو بێ كۆنترۆڵ لە دەممەوە دێتە دەرەوە،كە بە هیچ شێوەیەک حەزیان پێ ناكەم.

**ماتیلدە:** قسەی گاڵتەو ونوكتەی جوان مێشكی مرۆڤ دەشواتەوە.. بەڕاستی ئەگەر تەنها هەفتەیەک پێنەكەنم هەستێكی ناخۆشم دەبێت ، هەروەک لە ئێستادا كە هەست دەكەم لە ناوەوە ژەنگم هێناوە.

ڤێرجینیا: پێویستە کەسێک بە زووترین کات وە پێکەنێت خا، هەرچەندە بە دڵنیاییەوە من ئەو کەسە نیم.

ماتیڵد: ڤێرجینا. جارێک دایکم پێی وتم: ماتیلدە. بۆ ئەوەی گاڵتەیەکی باش بگێڕیتەوە، دەبێت باوەڕت بەوە هەبێت کە کێشەکانی ژیان لەبەردەم جیهانێکی وا گەورەدا زۆر بچووکن، ئەو دەیگوت: ئەگەر ژنان زیاتر نوکتەوگاڵتەجاڕی زیاتر بزانن،ئەوە لە جیهاندا دادپەروەری زیاتر دەبوو.

«ڤێرجینیا بیر لە قسەکانی ماتیلدە دەکاتەوە.»

«ڤێرجینیا تووشی جووتێک جل و بەرگی ژنان دەبێت.»

«ماتیلدە چاوی لێ دەکات.»

ڤێرجینیا: پێشتر جلی ژێرەوەی خوشکەکەمم نەبینیوە.

ماتیڵد: جلێکی ژێرەوەی جوانی هەیە. هەموویان سپین.

«ڤێرجینیا بەردەوامە لە کۆکەردنەوەی جلوبەرگ»

ڤێرجینیا: نازانم چۆن خوشکەکەم چوون دوێنی کاتی مانگانەکەی بووە جلەکانی بەو شێوەیە درەوشاوە و سپیە.هەندێک ژن تا یەک دڵۆپێک خوێن دەکەوێتە سەر جلەکانیان ، فڕێی دەدەن. هەندێک کەس دیشوون و دووبارە بەکاری دێنن.

ماتیلدە: ئەوەندە پارەم نییە جل و بەرگی پیسەکانم فڕێ بدەم. بەڵام ئەگەر هەم بوایە، باوەڕم پێ بکە، هەموو ڕۆژێک ڕەنگێکی نوێم دەکڕی: وەنەوشەیی، سوور، زێرینە، پرتەقاڵی، زیوی...

«ڤێرجینیا جووتێک جل و بەرگی پیاوان هەڵدەگرێتەوە.»

ڤێرجینیا: کەمێک سەیرە بە لامەوە کە من جلەکانی مێردی خوشکم دەچەمێنمەوە. پیاوێکی زۆر قۆزە. کاتێک لین هاوسەرگیری لەگەڵ کرد، لە دڵی خۆمدا گوتم، لەمەودوا لین هەرچی بیەوێت بەدەستی دەهێنێت، بیری لێ بکەرەوە... پزیشکی نەشتەرگەری مێردت بێت.بەڕاستی دۆخێکی ئایدیاڵە. پێم وایە کە چارلز زۆر سەرنجڕاکێشە.

«ڤێرجینیا لەکاتی چەمانەوەی جلەکانی مێردی خوشکەکەی بە وردی دەیپشکنێت.»

ڤێرجینیا: پاشان لە دڵی خۆمدا وتم: واباشترە مێردەکەت قۆز نەبێت. چونکە ئەو کاتە ئیتر هیچ هۆکارێک بۆ نیگەرانی نییە.

«ڤێرجینیا تووشی جلی ڕەشی ژنان دەبێت.»

ڤێرجینیا: ئەم جلە لەگەڵ لین ناگونجێت.

ماتیلدە: منیش پێم وایە.

ڤێرجینیا: زۆر زەق و ڕووناکە.

ماتیلدە: سەرنجی هەموو ڕادەکێشێت.

«ماتیڵد و ڤێرجینیا سەیری یەکتر دەکەن.»

## ١١- لین و ڤێرجینیا لەکاتی خواردنەوەی قاوەدا

«لین و ڤێرجینیا لە ژووری میوان قاوە دەخۆنەوە.»

ڤێرجینیا: چ خانوویەکی خاوێنت هەیە..

لین: سوپاس.

ڤێرجینیا: لە خزمەتکارەکەت ڕازیت...ناوی چی بوو؟

لین (بە بێژەکردنی ئەمریکی): ماتیڵد.

ڤێرجینیا: ڕاستە. ماتیلدە (بێژەکردنی ئەمریکی)، لە بەڕازیل پێی ناڵێن ماتیلدە (بێژەکردنی بەڕازیلی)؟

لین: بە تەواوی نازانم.

ڤێرجینیا: پێم وایە بەڕازیل وایە.

لین: چۆن دەزانی؟

«ڤێرجینیا شانی هەڵدەتەکێنێت.»

ڤێرجینیا: ئمم...

لین: باشە. دڵنیام ئەگەر بە هەڵە ناوەکەیم بانگ کردبا پێی دەگوتم. با لەوەتێپەر بین. لە ئێستادا باری دەروونی زۆر باشە وباشتر دەردەکەوێت. تۆ چۆنیت؟

ڤێرجینیا: من باشم. سوپاسگوزار. چارڵز چۆنە

لین:بۆ پرسیاری دەکەی؟

ڤێرجینیا: هەر بەو شێوەیە.

لین: ئەویش باشە.

ڤێرجینیا: سوپاس بۆ خوا. دوایین جار کە بینیم کریسمس بوو، ئێوە ئەو دووانە زۆر بە سەختی کار دەکەن.

لین: ئەو ڕۆژانە ٩ نەشتەرگەری دەکات. بە دەگمەن یەکتر دەبینین. بێگومان نەک ئەوەی بە هیچ شێوەیەک یەکتر نەبینین.بەڵام بۆ خۆت دەزانی کە چۆن چۆنی! قاوەیەکی ترت بۆ تێکەم؟

ڤێرجینیا: نەخێر. سوپاس.

لین: ماتیڵدا! تکایە دەتوانن ئەمانە خاوێن کەنەوە؟

«ماتیلدە دەێتە ژوورەوە.»

ماتیڵد (روو بە ڤێرجینیا): ئایا بۆ ئێوەش کوپێک دابنێم؟

ڤێرجینیا: بۆ خووم دایدەنێم...

«ماتیڵد چاوێک لە ڤێرجینیا دەڕوانێت»

«ماتیڵد قاپەکان خاوێن دەکاتەوە.»

لین: سوپاس.

ماتیڵد: قاوەکەت بەدڵ بوو؟

لین و ڤێرجینیا: بەڵێ.

ماتیڵد: باشە. زۆر باشە.

«ماتیلدە لە شانۆکە دەردەچێت.»

لین: ئای... لەبیرم چووبەیەکترتان بتناسێنم. زۆر داوای لێبوردن دەکەم. ڕەفتارم بە هیچ شێوەیەک بە ئەدەبانە نەبوو. هەڵبەت ڕەنگە زۆریش خراپ نەبووبێت. بروانە ڤێرجینیا. ئەگەر تۆ لە جێگای من بویتایە خزمەتکارەکەت بە میوانەکەت دەناسێنی؟

ڤێرجینیا: من میوانی تۆ نیم. خۆشکتم

لین: تۆ ڕاست دەکەیت.حەق بەتوویە، دەبوایە بتناسێنم، بەڵام ئێستاش بەبوونی کەسێکی تر لە ماڵەکەدا ڕانەهاتووم.

ڤێرجینیا: ئەو...م. ئەگەر بە دروستی تێگەیشتبێتم،کاتێک تۆ گۆڤار دەخوێنیتەوە حەزناکێت کەسێک ماڵ خاوێن بکاتەوە

لین: هەرگیز گۆڤارم نەخوێندووەتەوە، ڤێرجینیا. بەیانیان بە ماندووییەوە دەچمە سەر کار و شەوانە بە ماندووییەوە دەگەڕێمەوە.زۆربەی خەڵکی ئەم وڵاتە بەم شێوەیە دەژین. یالانی کەم ئەوانەی کاریان هەیە بەم شێوەیە دەژین.

«وەستانێکی کورت.»

«لین و ڤێرجینیا دەگەڕێنەوە بۆ منداڵییان کاتێک تەمەنیان تەنها حەوت و نۆ ساڵ بوو.»

«بێگومان تەنیا لە ڕووی دەروونییەوە.»

«لەم ساتەدا هەردووکیان وەک شێت دەردەکەون.»

«پاشان دەگەڕێنەوە بۆ بارودۆخی ئێستا و ئاسایی و وەک دوو کەسی گەورە درێژە بە گفتوگۆکانیان دەدەن.»

لین: ببورە. مەبەستم نەبوو.

ڤێرجینیا: دەزانم.

«لەو ساتەدا:»

ڤێرجینیا: تۆ...؟

لین: مەبەستم ئەوەیە...

ڤێرجینیا: چی؟

لین: ڕاستیەکی... مەبەستم ئەوە بوو ئەو دواونەتان بۆ نانخواردنی ئێوارە بانگهێشت بکەم . زۆر گاڵتەیە... وانییە؟ ئێمە پێکەوە دەژین و هەرگیز یەکتر نابینین.

ڤێرجینیا: ڕاست دەکەیت، ئایا هەفتەی داهاتوو باشە؟

لین: نە ئەوەندە زوو. بەڵام زۆر بە زوویی هەوڵ دەدەم ڕۆژێک دەست نیشان بکەم.

«ڤێرجینیا سەری دەجوڵێنێت.»

## ١٢-لین و ماتیلد

«شەوە»

«ماتیلدە هەوڵدەدات بیر لە هەمان گاڵتەجاڕی ناوازە بکاتەوە.»

«ماتیلدە لە ژووری میوانە تاریکەکەدا ڕاستەوخۆ چاوی لە پێشەوەدەکات و بیردەکاتەوە.»

«لین لە کارەکەی دەگەڕێتەوە و گڵۆپەکە دادەگیرسێنێت.»

لین: واو. ترساندمەت

ماتیڵد: تۆش منت ترساند.

لین: لەم تاریکییەدا چی دەکەیت؟

ماتیڵد: من خەریکی قسەیەکی خۆش و گاڵتەئامێزم ساز دەکەرد. خەریک بوو کۆتایی بێت. بێگومان هەموو شتێکم لەبیر چوووە.

لین: کەواتە...پێت وایە جارێکی تر وەبیرت بێتەوە؟

ماتیلدە: پێم وانییە.

لین: زۆر باشە. دەمهەوێە بزانم چارڵز لە ماڵەوەیە یان نا؟

ماتیڵد: نەخێر.

لین: تەلەفۆنی نەکرد؟

ماتیڵد (بە هاوسۆزیەوە): نەخێر.

لین: باشە. ڕەنگە ئەمشەو لە نەخۆشخانە خەوتبێت

«ماتیلدە بێدەنگە.»

لین: هەندێک جار کاتی نییە لە نەخۆشخانەوە تەلفوون بۆماڵەوە بکاتە . زۆر سەرقاڵە. نەخۆش دوای نەخۆش.بەڕاستی مرووڤ شێت دەبێت. کاتێک من و چارڵز گەنجتر بووین، یەکترمان پەیج دەکرد. دوو سیگناڵ واتە شەو باش و سێ سیگناڵیش بە واتای... نازانم بۆ ئەم شتانەم بیرکەوتەوە... مەبەستم ئەوەیە ڕاستەکە لەژێر فشاری ژیاندا پیر دەبیت، بەڵام دەزانیت کەسێک بە زەحمەت کاردەکات هاوکات بیر لەتۆش دەکاتەوە ، ئەوەندە بیرت لێدەکاتەوە کە ئیتر پێویستت بە پەیوەندی و سڵاوی کەس نییە.لەو ڕۆژە وە من وچارڵز بووین بە دکتۆر، هەردووکمان زۆر باش لەم بابەتە تێگەیشتن.

ماتیڵد: ئەو...م.

**لین: باشە. شەو شاد.**

**ماتیڵد: شەوتان باش.**

**لین: دەتەوێت جارێکی تر لەم تاریکییەدا دابنیشیت؟**

**ماتیلدە: ڕەنگە کەمێک زیاتر...تا...ناوی چی بوو؟...**

**لین: زۆر باشە. تەنها لەبیرت بێت  گڵۆپەکە بکوژێنیتەوە...**

**«ماتیڵد گڵۆپەکە دەکوژێنێتەوە.»**

**ماتیڵد: شەوتان باش.**

**لین: هەروەها.**

**«لین دەڕوات»**

**«ماتیلدە هەوڵ دەدات بیر لە هەمان گاڵتە بکاتەوە.»**

**«چاوەکانی دادەخات.»**

**«لە و ساتەوەکە گاڵتەجاڕییەکەسازدەکات، دەوروبەری لە شەوەوە بۆ ڕۆژێکی تر دەگۆڕێت.»**

## ١٣- سەرەتا ڤێرجینیا و ماتیڵد، پاشان لین.

«ڤێرجینیا دەچێتە ژوورەوە.»

«ماتیلدە چاوەکانی دەکاتەوە.»

«ڤێرجینیا ئوتو دەکات.»

«ماتیلدە سەیری دیمەنەکە دەکات.»

ماتیڵد: گاڵتەیەکی باش بەمێشکم گەیشتووە.

ڤێرجینیا: زۆر باشە.

ماتیلدە:تۆ دەزانی بۆ زۆربەی نوکتە وگاڵتەکان سێ وشە دەبن؟ بەم شێوەیە: دا دا دا. ئێستا خەریکی گاڵتەیەکی شەش وەشەیم. بەم شێوەیە سەیر بکە: دا دا دا دا دا دا.

ڤێرجینیا: نەمدەزانی گاڵتەجاڕی ئەوەندە یاسای هەیە.

ماتیڵد: بۆچی؟ هەیانە و زۆر چاکیشی هەیە. باشە سەرەتا لێم بپرسە ئیشم چییە، پاشان بپرسە گەورەترین کێشەی ژیانم چییە؟

ڤێرجینیا: زۆر باشە، ئیشەکەت چییە؟

ماتیلدە: من تەنزنووسم.

ڤێرجینیا: گەورەترین کێ...

ماتیڵد: کات.

ڤێرجینیا: سەرنجڕاکێشە.

ماتیلدە: کەواتە بۆ پێناکەنی؟

ڤێرجینیا: لە دڵم دا پێدەکەنم

ماتیلدە: هەرجورێک کە ئاسوودەیت. بەڵام من زیاتر حەزم لە پێکەنین بە ئاشکرایە. من بەدوای گاڵتەیەکی ناوازەدا دەگەڕێم، بەڵام دەترسم ئەگەر بیدۆزمەوە بمکوژێت.

«ڤێرجینیا لەناو جلەکاندا جووتێک جلی سووری ژناندا دەبینێتەوە.»

ڤێرجینیا: ئای خوایە گیان.

ماتیڵد: واو. نەخێر ،پێم وانییە ئەو بوێرییەی هەبێت کارێکی وا بکات،

ڤێرجینیا: بەڵێ، منیش پێموانییە.

ماتیڵد: بەڵام...پێدەچێت...ئەو بوێری لە خۆیدا دۆزیبێتەوە

ڤێرجینیا: پێت وایە ژنێکی نامۆ هاتۆتە ئێرە؟

ماتیڵد: نەخێر. ڕەنگە لە شوێنێک لە پارکێکدا یەکتریان بینیبێت. تۆ کە چارلز دەناسیت زۆر دڵخۆش و سەر بەهەوایە،دەبێ سەرنجی نەدابێت و ئەم جلوبەرگانەی لەگەڵ خۆی هێنابێتە ماڵەوە. ئێستاش دەبێت ئەوژنە سەرەوە خوارەوەی هەموو شوێنێک بۆ جلوبەرگەکانی بەگەڕێت.

ڤێرجینیا: خوا بەکات ئەو ژنە پەرستار نەبێت...

ماتیلدە: ئەگەر پەرستار بێت، ئەوە مانای وایە لە نەخۆشخانەکە یەکتر دەبینن.

«لین دەچێتە ژوورەوە.»

«ڤێرجینیا بە خێرایی ئاسنەکە دادەنێت و دادەنیشێت.»

«ماتیڵد هەڵدەستێت و بە چەقبەستوویی دەست دەکات بە ئوتوکردن.»

«ڤێرجینیا جلی سووری ژنان دەشارێتەوە.»

لین (بە ڤێرجینیا): لێرە چی دەکەیت؟

ڤێرجینیا: هیچ. کارتان چۆن بوو؟

«لین دەچێتە چێشتخانە.»

ڤێرجینیا:بۆ کوێ دەڕۆیت؟

لین: دەمهەوێ بچم لە یەکێک لەو ژوورەنەدا خۆم دەکوژم

ڤێرجینیا: ئەوە تۆ بەجدیت؟

لین: (دەنگی لە چێشتخانەوە دێت) نەخێر.

«ماتیلْد و ڤێرجینیا سەیری یەکتر دەکەن.»

«ماتیلدە جل و بەرگی ئافرەتان دەچەمێنێتەوە.»

«ڤێرجینیا دادەنیشێت.»

«ڤێرجینیا دەوەستێت.»

«دیسان دادەنیشێت.»

«دیسانەوە دەوستێت.»

«ڤێرجینیا خواستێکی سەیری هەیە بۆ ئەوەی شتەکان لە جیهاندا ڕاست بکاتەوە.»

«ڤێرجینیا شتەکان لەسەر مێزی قاوە ڕێکدەخات.»

«لین دە یّتە ژوورەوە.»

«دەستی چەپی خوێنی لێدێت.»

«بە خاولییەکی چێشتخانە بە توندی دەیگرێت.»

ڤێرجینیا: لین...چی...تۆ...؟

لین: خۆم وەک نەخۆشێک لێ کردوە.

ڤێرجینیا: کارکەت بە هیچ شێوەیەک پێکەنینی نییە.

لین: دەستم بڕی.

«بە ترسەوە سەیری لین دەکەن.»

لین: خەمتان نەبێت. هەموو برینەکانم ڕووکەشن.

ڤێرجینیا: لین؟

لین: دەبەبکەرەوەکە دەستمی بڕی. خەریکی کردنەوەی خواردنەوەیەک بووم.

ڤێرجینیا: ئاخە بە ئامێری دەبە کردنەوە سۆدە دەکەنەوە؟

لین: ناچار بووم. ئەو خواردنەوە که ویستم بیخۆمەوە تەنها لەو دەبەدا بوو.

ڤێرجینیا: لین؟

لین: لەگەڵ یەکێک لە نەخۆشەکانی ڕایکرد.

**ڤێرجینیا: چی دەڵێی؟**

**لین: ئەوە ڕاستە.**

**«ڤێرجینیا و ماتیڵد بە خێرایی سەیری ئەو جلە سوورەدەکەن و بە خێرایی چاو دە دزنەوە.»**

**ڤێرجینیا: بزانم یەکێک لە نەخۆشەکان...بووە؟**

**لین: بەڵێ لەگەڵ یەکێک لە نەخۆشەکانی کە نەشتەرگەری بۆکردووە.**

**لین: بەڵێ لەگەڵ یەکێک لە نەخۆشەکانی کە نەشتەرگەری ماستکتومی[٤]شی بۆکەردووە.**

**ڤێرجینیا: واو، ئەوە زۆرە...**

**لین: ئەو زۆربەخشندەییە. وانییە؟**

**ماتیڵد (بۆ ڤێرجینیا): ماستکتومی[٥]؟**

**«ڤێرجینیا ئاماژە بە سنگی دەکات.»**

**«ماتیڵد سەری خۆی دەجووڵێنێت.»**

**ڤێرجینیا: ئەو ژنە تەمەنی چەندەیە؟**

**لین: تەمەنی ٦٧ ساڵە.**

**ڤێرجینیا و ماتیڵد: نا!!!!!**

**لین: چییە؟**

**ڤێرجینیا: من بە هیچ شێوەیەک چاوەڕێم نەدەکرد.**

**لین: ئەی چاوەڕێی ئەوەت دەکرد عاشقی پەرستارێکی گەنج بێت یان هەرئەم ماتیڵدە. بڵێ؟**

**ڤێرجینیا: بەڵێ...چاوەڕوانی هەموو ئەمانەم دەکرد تەنها ئەوە نەبێت کە عاشقی ژنێکی گەورەترە لە خۆی بێت...؟**

**لین: ئیستاکە وایە.**

**ڤێرجینیا: ڕاستگۆیانە بڵێم کەمێک تووشی شۆک بووم. دەبێ ئەوەندە باش و تەواو بووبێت کە...**

**لین: باشە، بەڵام ئەو وەک من دکتۆر نییە.**

---

[٤]- مەمکبڕینی

[٥]- مەمکبڕینی

ڤێرجینیا: باشە ،لین سەیربکە. زۆربەی ئەو پیاوانەی کە پێگەی وەک ئەویان هەیە..ئەو هێشتا پیاوێکی سەرنجڕاکێشە.

لین: ڤێرجینیا!

ڤێرجینیا: باشە. ببوورە.

لین: هەرگیز ئیرەیم نەبردووە.هەرگیز کەسێکی گوماناوی نەبووم.تەنانەت هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە کە ژنێک دەتوانێت قەبارەی من بێت.هیچ دکتۆرێک بەقەد من باش نییە. من زیرەکترین و ئازیزترین دکتۆرم بۆ نەخۆشەکانم. وەرزشوانم. کەسێک کە بە تەواوی کۆنترۆڵی خۆی دەکات. تا ئێستا ژیانێکی زۆر باشم هەبوو.دەتوانم پەیوەندی لەگەڵ هەر کەسێک بکەم کە بمەوێت و...وە زۆر سەیرە بۆ من چۆن چارڵزتوانیویتەی سەیری ژنێکی تر بکات...

ڤێرجینیا: واو. چەندت متمانەت بەخۆت هەیە؟

لین: تا ئێستا کوێر بووم.ئەو ژنێکی پزیشکی نەدەویست.شایەنی ئەوە بوو کە خزمەتکار بێنێت.

"وەستان. بێدەنگی"

"لین چاو بە دەوری ماڵەکەدا دەگێڕێت."

"ئەو شتەکان لەسەر مێزی قاوە دەبینێت."

"گوڵدانێک، هەندێک گۆڤار،کە بە وردی ڕێکخراوە."

"ئەو ماتیڵدە دەبینێت بە چەقبەستوویی جلەشۆراوەکان دەچەمێنێتەوە."

لین: (بۆ ڤێرجینیا): تا ئێستا ماڵەکەت خاوێن کردۆتەوە؟

"ڤێرجینیا و ماتیلدە سەیری یەکتر دەکەن."

"ماتیلد واز دەهێنێت."

ڤێرجینیا: نەخێر تائێشتا ماڵەکەتم خاوێن نەکردۆتەوە.

لین: ئەم ڕێکخستنەی شتەکانی سەر مێزی قاوەکە بە ڕوونی دیارە کاری تۆیە.

"ڤێرجینیا سەیری مێزی قاوە دەکات."

ڤێرجینیا: من تێناگەم مەبەستت چییە؟

لین: ماتیڵد! ڤێرجینیا تا ئێستا ماڵەکەی منی خاوێن کردووەتەوە؟

ڤێرجینیا: وتم نەخێر.

لین: من پرسیار لە ماتیلدە دەکەم.ئایا ڤێرجینیا تا ئێستا ماڵەکەی منی پاک کردووەتەوە؟

لین: بەڵێ.

لین: چەندیە؟

ماتیلد: دوو هەفتەیە.

لین: تۆ لە کارکە دەرکرایت.

«وەستان، بێدەنگی»

لین:هەردووکتان لە کار دەردەکەم.

ڤێرجینیا: نابێت ئەو لە کارەکەی دوور بخەیتەوە. هەڵەی من بوو.

لین: بەڵام پارەی دەدەم بۆ ئەوەی ماڵەکەم خاوێن بکاتەوە.

ڤێرجینیا: باشە. ماڵەکەت خاوێنە. ئایا تۆ ئەوەت نەدەویست؟

لین: ئەمە هیچ شتێکی پەیوەندی بەتۆ نییە ڤێرجینیا.

ڤێرجینیا: بە تەواوی پەیوەندیدارە.

لین: ماتیلد! ئایا ئەوەندە پارەت هەیە بلیتی فڕۆکەی بۆ گەڕانەوە بکڕیت یان نا؟

ماتیلد: نەخێر.

لین: دەتوانیت هەفتەیەکی تر لێرە بمێنیتەوە. من خۆم بلیتێکت بۆ دەکڕم.

ڤێرجینیا: لین. ئەمڕۆ هاوسەرەکەت ڕۆیشت.

لین: دەزانم.

ڤێرجینیا: ئێستا دەمارگیری، ناتوانیت بڕیارێکی عەقڵانی بدەیت.

لین: هەمیشە دەتوانم بڕیاری عەقڵانی بدەم.

ماتیلد: پێویست ناکات بلیتم بۆ بکڕیت. سبەی دەچمە نیویۆرک. تەنها بلیتی پاسم بۆ بکڕە.

ڤێرجینیا (بە لین): تۆ ناتوانی ئەوە بکەیت.

لین: ڕێگەت پێنادەم ماڵەکەم خاوێن بکەیتەوە تەنها لەبەر ئەوەی خزمەتکارەکەم خەمۆکە.

**ڤێرجینیا: ئەو خەمۆک نییە. تەنها حەزی لە پاککردنەوە نییە. ئەمەش نارەحەت دەکات.**

**لین سەیری ماتیلدە دەکات.**

**لین: ئایا ڕاست دەکات؟**

**ماتیڵد: بەڵێ.**

**لین: باشە... ئەوا...**

**لین: (ڕووبەڕووی ڤێرجینیا دەبێتەوە)بۆچی؟**

**ڤێرجینیا: نازانم بۆچی؟**

**لین: تۆش کنجکاو بوویت لە شتەکانی من، وایە؟**

**ڤێرجینیا: نەخێر، بەڕاستی نا.**

**لین: شوێنێکی ئەم بابەتە بەلای منەوە نادیارە.. لەگەڵ عەقڵدا ناگونجێت  کە تۆ بەم شێوەیە ...**

**ڤێرجینیا: کەواتە پێت وایە خوشکەکەت بەبێ بەرامبەر ناتوانێت شتێکی وا بکات؟**

**لین: نەخێر. ناتوانێت**

**ڤێرجینیا: بەڵام...**

**لین: کاری گرنگترت هەیە لە پاککردنەوەی ماڵەکەم.**

**ڤێرجینیا: وەک چی؟**

**لین: ئەو...م**

**ڤێرجینیا: پرسیم چکارێک؟**

**لین: نازانم.**

**ڤێرجینیا: نەخێر. دیارە تۆ نازانیت. هەموو بەیانییەک کە چاوەکانم دەکەمەوە خۆزگە دەخوازم بە درێژایی ڕۆژ بخەوم، بەڵام ناتوانم، دەبێت هەستم و چەندێک هێلکە بۆ مێردەکەم دروست بکەم، پێستەکانیان فڕێ دەدەم لە زبڵدان وە گوێ لە دەنگی وەرد بوونیان  لە ژێر چەرخەکانی بارهەڵگرە زبڵەکەدا دەگرم، دواتر سینکەکە دەشۆم . زەوی ژوورەکە خاوێن دەکەمەوە و پەڵەی قاوە لە سەرمیزکە دەسڕمەوە، دەمتوانی بە ژیانێکی جیاواز بژیم. دەمتوانی زانا بم. دەمتوانی بەو لێهاتووییە وەسفی شارێکی وێران بکەم کە دەتوانرا بەراورد بکرایت بە بەرهەمی شاعیرێکی پلە یەکەم.نەمەدەتوانی؟!!!**

**لین: نازانم.**

**ڤێرجینیا: کارێکی گەورەم دەویست، بەڵام نەمدەزانی چۆن ئارەزووی خۆم دەربڕم. ماتیلدە و لۆمە مەکە.من تاوانبار بکەن،ئەوە من بووم کە ویستم شتێک بکەم.**

**لین: بەڕاستی داوای لێبوردن دەکەم. نازانم چی بڵێم. جگە لەوەی (بە ماتیڵد): تۆ لە کارەکەت دوور خرایەوە.**

**لین (بۆ ڤێرجینیا): دەتەوێت چی بکەم؟**

**ڤێرجینیا: ڕێم بدە... با من... ئاگاداری تۆ بم.**

**لین: پێویستم بە ئاگاداریت نییە.**

**ڤێرجینیا: هەموو خەڵک پێویستیان پێیەتی.**

**لین: ڤێرجینیا. پێم وایە ئەوەندی پێویستە گەورە بووم.بویەپێویستم بە چاودێری نییە.(بە دەنگی بەرز)**

**ڤێرجینیا: بۆ چی نیتە؟**

**لین: نامەوێت خوشکەکەم ماڵەکەم بۆخاوێن کاتەوە. من حەزم لە کەسێکی نامۆیە، ئەمە بکە وبس.**

**«ڤێرجینیا و لین سەیری ماتیلدە دەکەن.»**

**ماتیڵد: باشە باشە. من دەڕۆم.من دەچم شتەکانم کۆ بکەمەوە.ماڵئاوا ڤێرجینیا.**

**ڤێرجینیا:هیوادارم کارێکی باش بدۆزیتەوە.**

**ماتیڵد ڤێرجینیا لە باوەش دەگرێت.**

**ماتیڵد:ماڵئاوایی دکتۆر.هیوادارم مێردەکەت بدۆزیتەوە.**

**«ماتیلدە لە شانۆکە دەردەچێت.»**

**«لین و ڤێرجینیا سەیری یەکتر دەکەن.»**

## ١٤-یەکەم: لین. پاشان ماتیڵد، پاشان ڤێرجینیا.

«لین روو لە بینەر»

لین: ئەمە بیرۆکەی منە لە هاوسەری پێشووم و هاوسەرە نوێیەکەی.

«چارڵز و ئانا دەێنە ژوورەوە»

«چارڵز جل و بەرگی نەشتەرگەرییەکەی دادەکەنێت.»

«بێگومان جلوبەرگی ئەو هاوشێوەی جلوبەرگی وەرزشی.»

لین:هاوسەرەکەم جل و بەرگی نەشتەرگەرییەکەی دادەکەنێت.

زۆر بە ئەدەبە.

نازی ژنەکەی دەکات و شوێنی نەشتەرگەرییەکە دەپشکنێت.

شوێنی  نەشتەرگەریەکە رووبەباشی تەواووە.

چارڵز پزیشکێکی نەشتەرگەری زۆر باشە

«ماتیڵد دێتە ژوورەوە، جانتایەکی بەدەستەوەیە.»

«چارڵز و ئانا هێشتا لە دیمەنەکەدان»

ماتیلدە: ئایا شتێک هەیە کە پێویستە بیکەم پێش ئەوەی بەرووم؟

لین: نەخێر. سوپاس.

ماتیڵد: ئەوانە کێن؟

لین: هاوسەرەکەم و هاوسەرە نوێیەکەی. نیگەران مەبە. ئەمە تەنها خەیاڵی منە.

ماتیڵد: ئەوان بە دڵخۆش دەردەکەون.

لین: بەڵێ.

ماتیلدە: خەڵک وادەزانن هەموو ئەو کەسەی عاشقی خۆشەویستێکە زۆر دڵخۆشە.

لین: بەڵێ ڕاست دەکەیت.

ماتیلده: کەواتە هەر بۆیە خەڵک لە ڕۆژی ڤالانتاین لە وڵاتەکەتدا خۆیان دەکوژن.

لین: بەڵێ.

ماتیلده: خۆشەویستی پاک نییە. بە پێچەوانەوە زۆر پیسە. هەر وەک گاڵتەیەکی سەرەحاڵ.دەتەوێت گاڵتەیەکت بۆبگێرمەوە؟

لین: بۆ نا؟

«ماتیلد بە زمانی پورتوگالی قسەیەکی گاڵتە ئامێزدەگێڕێتەوە.»

لین:  کۆتایی هات؟تەواوو؟

ماتیلد: بەڵێ.

لین: دەبێت پێبکەنم؟

ماتیلد: بەڵێ. ڕەنگە لە وەرگێڕانەکەدا زۆر کۆمیدی نەبێت.

لین: دەبوو بە قسەگاڵتەجاڕییەکە پێبکەنم. وانییە؟

ماتیلد: بەڵێ. پێویستە پێبکەنیت.

«لین هەوڵ دەدات پێبکەنێت بەڵام دەست دەکات بە گریان»

ماتیلد: تۆ دەگریت؟

لین: نەخێر. هەرگیز

ماتیلده: بەڵام پێم وایە تۆ دەگریت.

لین: باشە...بەڵێ. من ئەگریم

«لین بەردەوامە لە گریان.»

«پاشان پێدەکەنێت»

«دووبارە دەست دەکاتەوە بە گریان.»

«دیسان پێدەکەنێت.»

«وە ئەمەش چەند جارێک ڕوودەدات.»

«ڤێرجینیا دێته ژووره‌وه.»

ڤێرجینیا: چارڵز له پشت ده‌رگاكه‌یه

لین: چیت وت؟

ڤێرجینیا: چارڵز. هاتوته‌وه

ماتیڵد: واو...

لین: تۆ رێگه‌ت داوه ؟

ڤێرجینیا: ده‌بوو چیم بكردایه؟ تازه ژنێكیش له‌گه‌ڵیدا دایه.

لین: هێناویته‌وه ماڵێ؟

ڤێرجینیا: به‌ڵێ.

لین: ئافره‌تكه چۆنه؟ جوانه یان نا؟

ڤێرجینیا: نه‌خێر.

(به شه‌رمه‌وه): به‌ڵێ ژنێكی جوانه.

لین: واو.

« له ده‌ره‌وه ده‌نگ  دێت:»

چارڵز: لین؟

«لین و ڤێرجینیا و ماتیڵد سه‌یری یه‌كتر ده‌كه‌ن.»

«دیمه‌نه‌كه تاریك ده‌بێت.»

«پشوودان له نێوان دوو په‌رده دا.»

# پەردەی دووەم.

«ژووری میوانە سپییەکەی یەکەم ئەکت گۆڕاوە بۆ نەخۆشخانە یان شتێکی هاوشێوە.»

«باڵکۆنێک لە سەرووی ژووری میوانەکەوەیە.»

## ١-ئەنجامدانی نەشتەرگەری لەلایەن چارلزەوە بۆ هاوسەرە نوێیەکەی

«ئانا پاڵکەوتووە وبەتانییەکی بەسەرەوەیە.»

«مۆسیقایەکی جوان دەبیسترێت.»

«ناونیشانەکە لەلایەن پرۆژێکتۆری سەر دیمەنەکەوە نیشان دەدرێت»:« چارلز نەشتەرگەری بۆ هاوسەرە نوێیەکەی ئەنجام دەدات»

«چارلز ئامێرەکانی نەشتەرگەری لە جانتاکەی دەردەهێنێت.»

«دەست دەکات بە نەشتەرگەری بۆ ئانا.»

«بە عەشقەوە دەیکات.»

«ئەگەر ئەو ئەکتەرەی ڕۆڵی چارلز دەگێڕێت دەنگێکی باشی هەبێت، پێویستە لەکاتی نەشتەرگەریەکەدا گۆرانییەکیش لە ژێر لێودا چرپە بکاتەوە، گۆرانییەکی لاتینییە دەربارەی چاککردنەوەی نەخۆشەکان لەڕێگەی خۆشەویستییەوە.»

«ئەگەر ئەو خانمە ئەکتەرەی کە ڕۆڵی ئانا دەگێڕێت توانای گۆرانی وتنیشی هەبێت، باشترە گۆرانییەک دوای کۆتایی هاتنی نەشتەرگەرییەکە لەکاتێکدا لەسەر جێگاکە دانیشتووە بڵێتەوە.»

«دوای نەشتەرگەرییەکە چارلز پەرە لە هاوسەرەکەی لادەبات و سەری ناز دەکات.»

## ٢. ئانا

«ئانا، ا بۆ ئامادەبووان:»

ئانا: بە درێژایی ژیانم لە چوونم بۆ لای دکتۆر دەترسم.من حەزم لە شێوازی بۆنکردنیانە ، نە شێوازی قسەکردنیان. نە ژیانێ پر لە وروژاندن و سترێس یانم پێ درووستە.

نە بە شێوازی ڕۆیشتنیان دڵخۆشم .وابەڕێگادا دەروون ئاخۆ بۆ کوێ دەچن.

بەگشتی و بەهیچ شێوەیەک حەزم لێیان نییە.

من حەزم لەو پیاوەانیە کە بە هێواشی ومند وماقووڵ بە ڕێگادادەڕۆن. بەم شێوەیە.

«ئانا دەست دەکات بە ڕۆیشتن لەسەر شانۆکە.»

بەڵام چارڵز بەم شێوەیە دەڕوات... گۆم گۆم گۆم.

سەرەتا لە دڵی خۆمدا وتم: ئەویش دکتۆرە. بۆیە ڕقم لێیەتێ.

بەڵام نازانم لاقەکانم چۆن بوو لەگەڵ ئەو چوونە ژووری نەشتەرگەریەکە.

کاتێک نەشتەرگەرییەکەی بۆ دەکردم، بە تەواوی عاشق بووین.

بێهۆشکەری گشتییان پێدام، بەڵام نازانم چۆن بوو کە دەمتوانی چارڵز ببینم.

پێم وایە لە کاتی نەشتەرگەریەکەدا شتێکی لە جەستەمدا بەجێهێشتووە.

بێگومان ئەمە لە نەشتەرگەرییەکاندا زۆر ڕوودەدات. دەستکێش و گیرە و هتد لە جەستەی نەخۆشەکەدا بەجێدەهێڵرێت.

بەڵام... هەست دەکەم چارڵز ڕۆحی خۆی لە جەستەمدا بەجێهێشتووە.

«دەست لە شوێنی نەشتەرگەریەکە دەدات.»

## ٣- چارڵز

**«چارڵز بۆ ئامادەبووان؛»**

**من لەو کەسانە نیم کە هەموو ڕۆژێک عاشق دەبن. لە سەرەتای ژیانی هاوسەرگیریمانەوە تا ئێستا زۆر دڵسۆز بووم بۆ هاوسەرەکەم. من و لین تەمەنمان تەنها بیست و دوو ساڵ بوو کە عاشق بووین. پلانی گەورەمان بۆ ژیانمان هەبوو. لەو سەردەمەدا دادپەروەری زیاتر لە جیهاندا هەبوو، لە خۆشەویستیدا هەمان شت. کاتێک کەسێک باش بوو کەسێکی باشیش عاشقی دەبوو. کات تێپەڕی و تێپەڕی تا ئانام ناسی. لە پەیوەندی خۆشەویستیدا دادپەروەری نییە.**

**پزیشکێکی نەشتەرگەری بەناوبانگی ئەمریکی هەبوو بە ناوی «هالستێد» کە هاوسەرگیری لەگەڵ پەرستارێک کرد. ژنەکەی زۆر خۆشدەویست. ڕۆژێکیان «هالستێد »تێبینی کرد کە دەستەکانی هاوسەرەکەی دوای نەشتەرگەری وشک بوون و ماسیوان هەیە. هەر بۆیە دەستکێشی لاستیکیی داهێنا بۆ ئەوەی پێستی دەستی ژنەکەی تێک نەچێت. ئەم چیرۆکە یەکێکە لە بەناوبانگترین چیرۆکە خۆشەویستییەکانی جیهانی پزیشکی. لە ڕاستیدا تەنها جیاوازی نێوان پزیشکی ڕۆحی و پزیشکی ماددی لە خۆشەویستیدیە.**

**کاتێک بۆ یەکەمجار ئانام بینی، تێگەیشتم کە من ئەوەندە حەز لێیەتی تەنانەت دەست کەم بە داهێنان بۆی.**

## ٤- چارڵز و ئانا

**چارلز: دەترسم شێرپەنجەی مەمکت هەبێت.**

**ئانا: پێت وایە ئەگەر وا بێت دەگریم؟ بە هیچ شێوەیەک وا نییە.**

**چارلز: نائاسایی نییە ئەگەر بگریت.**

**ئانا: ئەو کاتی وا دەبێت بگریم بە هیچ شێوەیەک هەست بە گریان ناکەم . ئایا تۆ دەتەوێت مەمکم هەڵبەگری؟**

**چارڵز: بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بابەتە پێویستت بە کاتە**

**ئانا: نەخێر. من لە ئێستادا ئامادەم. هەرچییەک بێت ئێستا بیڵێ.**

**چارڵز: باشە بژاردەت زۆرە. هەندێک لە خانمان حەز بە لابردنی ناکەن. دەرهێنانی بەشێک لە سنگ وچارەسەری تیشکی دەتوانێت بەقەد لابردنی تەواوی مەمک کاریگەر بێت...**

**ئانا: نامەوێت هەمووی لابربێت.**

چارلز: پێت وانییە پێویستە بە ئەندامانی خێزانەکەت ڕابگەێنیت و یا راوێژبکەیت؟ بۆ نموونە لەگەڵ هاوسەرەکەت؟ با بزانم هاوسەرگیریت کردووە یان...

ئانا: سبەینێ.

چارڵز: سبەی؟

ئانا: بەس سبەی.

چارڵز: دڵنیا نیم، سبەی لە ژووری نەشتەرگەری کاتمان پێ بدن ...

ئانا: دەمەوێت سبەی نەشتەرگەریم بۆ بکەیت. هەرچییەك بێت

چارڵز: باشە، باشە. سبەی لە هەر بارودۆخێکدا نەشتەرگەری دەکەم.

«سەیری یەکتر دەکەن.»

«هەست بە خۆشەویستی بۆ یەکتر دەکەن .»

ئانا: کەواتە تا سبەی. لە کاتی نەشتەرگەری دەتبینمەوە.

چارڵز: ماڵئاوا.

ئانا: ماڵئاوا.سوپاس

«دیسان سەیری یەکتر دەکەنەوە.»

«خۆشەویستیان هەموو ساتێک گەشە دەکات.»

ئانا:پێت وایە من تەواو بووم؟ وانییە؟

چارڵز: نەخێر. ئەمە بە هیچ شێوەیەک وانییە. ناهێڵم بمریت.

«دووبارە هەستی خۆشەویستییان زیاتر دەبێتەوە.»

«دەستی یەکتر دەگرن و بۆ چەند ساتێک چاویان لە یەکترە.»

چارلز: چ دۆخێکی سەیرە.

ئانا: بەڵێ زۆر.

چارەز: پێشتر وا نەبووم

ئانا: منیش.

چارلز: ئانا، ئانا، ئانا، ئانا... ناوت هەروا وێردی سەرزمانمە . زۆرم خۆشم دەوێیت.

ئانا: منیش.

«بۆ چەند ساتێک دیسان دەستی یەکتر دەگرن و چاویان لە یەکترە.»

٥- لین، ڤێرجینیا، ماتیلد، چارڵز و ئانا

«دیسان دیمەنەکە هەمان ژووری میوانە لە سەرەتای شانۆنامەکەدا.»

«کاتی چیرۆکەکە هەمان کاتە لەگەڵ کۆتایی هاتنی یەکەم ئەکتی شانۆنامەکە.»

«چارڵز و ئانا لە پشت دەرگاکەوەن.»

چارڵز: لین؟

لین: چارڵز.

چارڵز: لین. دەمەوێت هەمووان بناسێنم. من دەمەوێت لە سەرەتاوە هەموو شتێک بە باشی بڕوات. لین.

دەناسێنم: ئانا. ئانا: هاوسەرەکەم لین.

ئانا: خۆشحاڵ بووم کە تۆم ناسی. زۆر شتم سەبارەت بەئێوە بیستووە. بیستوومە تۆ دکتۆرێکی زۆر باشن.

لین: سوپاس.لە میهرەبانی خۆتە

«ئانا دەستی بۆ لین درێژ دەکات.»

«لین بە شۆکەوە سەیری دەوروبەری دەکات.»

«لە کۆتاییدا لین دەستی ئانادەگرێت وتوقە دەکات.»

چارڵز: ئەم خانمە هەروەها خوشکی خیزانمە، ڤێرجینیا.

ئانا: سڵاو.

ڤێرجینیا: ئانا چۆنی؟

ماتیڵد (بە ئانا): تۆ زۆر لە دایکم دەچیت.

ئانا: بەجدی!

لین (بە ئانا): ئەمە خزمەتکارەکەمانە، ماتیلدە.

(بۆ چارڵز): ئەم بەیانییە لە کارەکەم دوورخستەوە.

ئانا: ئێنکانتادا، ماتیلدە (خۆشحاڵم کە تۆم بینی، ماتیلدە)

ماتیلدە: ئێنکانتادا، سو دی بەرازیل« منیش خۆشحاڵم کە تۆ دەبینم. من بەرازیلیم»

ئانا: بەجدی! او فالو اوم پوچو دِ پورچِگِس، مَس فالومال (ئانا: من پرتەقاڵ زۆر کەم دەزانم، ئەوەش بە ناتەواوی).[٦]

ماتیڵد: ئای. بۆا تێنتیتیو! تا چێگاندۆ لا! . ئوستێد دی ئەرجەنتین؟ )نەخێر. بەڕێزگیان تۆش خراپ قسە ناکەیت. ئایا تۆ ئەرجەنتینیت؟

ئانا (بە زمانی ئیسپانی): کومولۆ سابێ (چۆن زانیت؟)

ماتیلدە: (لاسایی دەنگی ئانا دەکاتەوە ))کومولۆ سابێ

«هەردووکیان پێدەکەنن.»

لین: باشە، ئێمە، بەسە یەکمان ناسی ،چارڵز پێم وایە پێویستە بڕوێت.

چارڵز: دەستت چی بەسەر هاتووە؟

لین: بە دەرگا کەرەوە براوە.

چارڵز: ئای، ئای، ئای.

«چارڵز پشکنینی مەچەکی لەین دەکات.»

«لین بە تووڕەییەوە دەستی دوور دەخاتەوە.»

ماتیلد: هێی، تا ئێستا چوویتە بەرازیل؟

ئانا: ئۆنا ڤێز، پارا ئیستۆدییار ڕۆکساس.) تەنها جارێک. بۆ سەرکەوتنی بەردەکانە.

«ماتیڵد سەرەتا سەرنجی لەهجەی ئیسپانی ئانا نادات» (ڕۆکاس؟ ڕۆچاس!) (ئاها. ڕۆکساس! لە زمانی بەڕازیلیدا بە هۆچاس دەخوێندرێتەوە.

ئانا: سی!ڕۆچاس.

---

[٦]- Ana: Eu sei muito pouco sobre a língua portuguesa e ela é muito incompleta.

«هەردووکیان پێدەکەنن.»

ڤێرجینیا: دەتوانین دابنیشین؟

لین: ڤێرجینیا!

«هەمووان دادەنیشن.»

(بۆ ڤێرجینیا): تکایە دەتوانیت خواردنەوەیەکمان بۆ بهێنیت؟

ڤێرجینیا: چیت دەوێت؟

ماتیڵد: من قاوەم دەوێت.

ئانا: قاوە باشە. قاوە بۆ من تکایە.

ڤێرجینیا: چارڵز! چی دەخۆیت

چارڵز: سوپاس. من لە ئێستادا هیچم ناوێت.

ڤێرجینیا: تۆ چی لین؟

لین: تکایە پەرداخێک بیرە لەگەڵ سەهۆڵم بۆ بێنە.

«ڤێرجینیا لە شانۆکە دەردەچێت.»

باشە.

چارڵز: لین. دەزانم خواستێکی زۆرە. بەڵام دەمەوێت باشتر یەکتر بناسین.

ئانا: ئەوەی ئێستا لە ماڵەکەتدام ئەوە دەردەخات کە تۆ کەسێکی زۆر بەخشندەیت.

لین: نەخێر. ئەمە بە هیچ شێوەیەک وانییە.

ئانا: بۆچی، تۆ زۆر بەخشندەیت.بەڕاستی حەزم دەکرد تۆ ببینم. سەیرکە من یەکێک نیم لەو ژنە یاخیبووانەی کە تۆ خەیاڵی دەکەیت.دوایین جار کە عاشقی پیاوێک بووم زۆر لەمەوبەر بوو. من و هاوسەرەکەم.ئەو زانای جیۆلۆجی بوو.ڕەفتارەکانی زۆر دڕندانە بوون و هەمیشە سەرخۆش بوو. بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر ڕووخۆش و قسەخوشیش بوو. شێتێک بوو بۆ خۆی.گرنگی بە یاساکان نەدەداوە هەرچی بیوێستایت دەیکرد

سەرەڕای ئەوەش بەدڵم بوو،بەڵام بەهیچ شێوەیەک نەمدەویست منداڵمان لەگەڵدا بێت چونکە بەڕاستی کێوی و کۆنترۆڵنەکراو بوو. داوام لێکرد واز لە خواردنەوە بهێنێت و ڕازی بوو، بەڵام تووشی شێرپەنجە بوو و مرد. تەمەنی تەنها سی و یەک ساڵ بوو.

«ماتیلد بە نهێنی هاوسۆزی ئانا دەکات.»

ئانا: دڵم شکابوو  وە بەڵێنم بەخۆم دا کە جارێکی تر عاشق نابمەوە و بەڵێنەکەم جێبەجێ کرد. لە دڵی خۆمدا وتم دوای مردنم جارێکی تر دەتوانم مێردەکەم لەناو بەردەکانی ئەفسانەیی سەوز و شین ببینمەوە . هەر لەو کاتەدا بوو کە چارڵزم بینی. کاتێک چارڵز پێی وتم کە ژنێ هەیە، پێم گوت کە پێویستە کۆتایی بە پەیوەندییەکەمان بهێنین، بەڵام ئەو هۆکاری خۆی خستەڕوو و قەناعەتی پێکردم کە هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم. هەر لەسەرەتاوە پێم گوت کە پێویستە تۆ سەبارەت بەم ئەم پەیوەندییە بزانیت.

لین: بۆ نموونە چ هۆکارێک؟

چارڵز: سەیرکە. لەو نەریتەدا کە من باوەڕم پێیتی، ئەگەر پیاوێک یان ژنێک هاوتای ڕۆحی دۆزیەوە، دەبێت لە ژنەکەی جیا بێتەوە.

ئانا: واتای ئەو کەسەیە کە زۆر لە کەسێکەوە نزیکە.

چارڵز: وەک وتم دەبوو بیکەم.، ئەمە پرسێکی میتافیزیکییە...

لین: بەڵام تۆ بیروباوەڕێکی لەو شێوەیەت نەبوو.

چارڵز: بەڵێ. من نەمبوو. بەڵام ڕۆژێک لە بەرنامەیەکی ڕادیۆییدا شتێکم لەبارەی یەوە بیست و لەو ڕۆژەوە بیرم لێکردەوە . کاتێک ئانام بینی زانیم کە ئەویە. ئەوهاوتای ڕوحی منە.

ئانا: ئەفسانەیەکی کۆن دەڵێ کاتێك کۆرپەلە لە سکی دایکدا تەمەنی ٤٠ رۆژ دەبێت، خودا فێری دوانە دەکات و ناچار دەبێت بەدوای ژیانیدا بگەڕێت تا دوانەکەی دەدۆزێتەوە.

لین (بۆ ئانا): کەواتە دیارە تۆش بۆچوونێکت هەیە لەسەر ئەم بابەتە؟

ئانا: سەد لە سەد.

لین: تۆ وتت مێردەکەت جیۆلۆجیست بوو.وانییە ؟

ئانا: بەڵێ.وا بوو

لین: وتت تۆ ئەرجەنتینیت. بەڵێ؟

ئانا: بەڵێ.

لین: بە هیچ شێوەیەک پێناچێت مەعقول بێت.

چارڵز: لین. پرسێکی چاوەڕواننەکراو بەسەرمدا هات. ڕاستییەکە ئەوەیە ڕۆژێک هەستم بە ئارەزووی سەیر و سەمەرە کرد بۆ نەخۆشییەکی بۆماوەیی کە بە درێژایی ژیانم بەدەستیەوە دەناڵێنم. کۆدی ژیناتیک ئانا و من وەک یەکە.

ئانا: بەڵێ. زۆر سەیر بوو. بەڵام من و چارڵز بە هیچ شێوەیەک هەستمان بە تاوان نەدەکرد چونکە هیچ ڕۆڵێکمان لەم کارەدا نەبوو. من و چارڵز هەردووکمان مرۆڤی تەندروستین. بێگومان من چارڵز زۆر باش ناناسم، بەڵام پێم وایە ئەو کەسێکی تەندروستە، هەرچەندە ئەگەر تەندروستیش نەبووایە هەر عاشقی دەبووم چونکە ئەوەندە سەرنجی ڕاکێشاوم کە ناتوانم کۆنترۆڵی خۆم بکەم.

لین: با بزانم ،ئێوە دووان هاتوونەتە ئێرە بۆ ئەوەی هەمان شتم پێ بڵێن وبە خەیاڵتان قەناعەتتان پێدەکەم  لەبەر ئەوەی بەهۆی بیروباوەڕەکانتان ناچار بوون هاوسەرگیری بکەن، هیچ گوناهێکتان نییە. ها؟

ئانا و چارڵز: بەڵێ. ڕاستە .

«ڤێرجینیا بە خواردنەوەکانەوە دەچێتە ژوورەوە.»

ماتیڵد: سوپاس.

ئانا: دەستت خۆش بێت.

«لین یەکێک لە پەرداخەکان لە ڤێرجینیا وەردەگرێت.»

لین (روو لە ڤێرجینیا دەکات): تێدەگەیت؟چارلز هاتۆتە ئێرە بۆ ئەوەی پێم بڵێت بەپێی بۆچوونە نوێیەکەی، چونکە دوانەکەی دۆزیوەتەوە، چیتر ناتوانێت ببێتە هاوسەری من و پەیوەندییەکەمان ئیتر مومکین نییە، شتە سەرنجڕاکێشەکە ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەک پەشیمانی نییە ئایا سەرنجڕاکێش نییە؟

ڤێرجینیا (بە چارڵز): کەواتە تۆش دووانەکەت دۆزیەوە؟

لین: با بزانم تۆ  هیچ شتێک لەبارەی ئەم دوانە بێمانایە دەزانیت؟

ڤێرجینیا: بەڵێ. ڕادیۆ شتێکی لەبارەیەوە دەگوت.

چارڵز: لین! بەڕاستی لەم بارەیەوە داوای لێبوردن دەکەم .دەکرا ئەمە بە شێوەیەکی تر ڕوویدات.  بۆ نموونە ئەگەری ئەوە هەبوو لە جیاتی من،تۆ دووانەکەت بدۆزیتەوە، ئێستاش ناچار بووم بۆ خۆم بیر بکەمەوە.لەم دونیایەدا زۆر شتی گەورە و پێشبینینەکراو بەسەر ئێمەی مرۆڤەدا دێت کە هیچ بژاردەیەکمان نییە جگە لەوەی خۆمان بخەینە دەستیان.ئەگەر ئەمەت بەسەر هات، هیچ ناڕەحەت نەدەبووم،و پیرۆزباییم لێدەکردیت. چونکە من هەمیشە تۆم خۆشویستووە.

لین: بەجدی. دی باشە ،هەمووی راستە. بۆیە پیرۆزباییتان لێ دەکەم. پیرۆزە .

«بێدەنگییەکی سارد زاڵ دەبێت.»

ماتیلدە: کێ دەیەوێت گوێی لە گاڵتەجاڕییەک بێت؟

ئانا: حەزم لێیە.

«ماتیڵد بە زمانی پرتەقاڵی گاڵتەیەک دەگێڕێتەوە.»

«تەنها ئانا پێدەکەنێت.»

ئانا:چ گاڵتەیەکی خۆشە.

ئانا (بە لین): دەتەوێت ماتیلدا لە کارەکەی دووربخەیتەوە؟

لین: بەڵێ.

ئانا: لەو حاڵەتەدا ئەو داوای لێدە کەین بۆ ئەوەی ماڵەکەمان بۆ خاوێن بکاتەوە. من ڕقم لە پاککردنەوەیە، لەلایەکی ترەوە چارڵز هەمیشە حەزی لە پاک و خاوێنی و ڕێک و پێکی ماڵەکەیە. بێگومان لە کۆتاییدا چارڵز خۆی ناچارە هەموو شتێک خاوێن بکاتەوە چونکە من ئەو کارە ناکەم. چارڵز! دەتەوێت هەموو شتێک لە شوێنی خۆیدا بێت؟

چارڵز: بێگومان منیش پێم خۆشە.

ئانا: ماتیلدە؟ دەتەوێت کارمان بۆ بکەیت؟

ماتیلدە؟شتێک هەیە کە پێم خۆشە لە ئێستادا لەبارەیەوە بزانیت. زۆر حەزم لە پاککردنەوە نییە.

ئانا: باشە، تەواو ڕوونە. با بزانم شتێکی ترت دەزانی.

ماتیڵد: بەڵێ. من دەزانم  نوکتە بگێڕمەوە.

ئانا: زۆر باشە. ئەو دێت بۆ ئەوەی لەگەڵمان بژی.

لین: ئای خوایە گیان. ڕێگە نادەم بەم شێوەیە بێیت ناو ژیانم و هەموو شتێکم لێ بستێنیت.

ئانا: پێم وابوو ئەم ژنە گەنجەت لە کارەکەی دوورخستەوە.

لین: باشە ،بەڵێ. من  لە کارەکەیم دوورخستەوە.

ئانا: ئێستا بیرکردنەوەت گۆڕیوە؟

لین: نازانم. لەوانەیە.

ئانا: ماتیلدە شوێنێکت هەیە بۆ ژیان یان نا؟

**ماتیڵد:** نەخێر.

**ئانا:** زۆر باشە.. کەواتە دێت لەگەڵمان بژی.

**ڤێرجینیا:** ماتیڵد وەک خێزانماڵێ وایە.

**ماتیڵد:** چی؟

**ڤێرجینیا:** ماتیڵد بۆ من وەک خوشکێک وایە.

**ئانا:** ڕاستی دەڵێیت؟

**ماتیڵد:** نازانم. تائێستا خوشکم نەبووە.

**ڤێرجینیا:** پێکەوە ماڵەکە پاک دەکەینەوە.هەر وەک چۆن قسە دەکەین، جلە شۆردراوەکان دەچەمێنینەوە، هەروەک جلشۆڕەکان.هەروەها لە شوێنێکی گشتیدا کۆدەبنەوە و لەکاتێکدا کاردەکەن دردە دڵێش دەکەن.. بەڵام بەم دۆخە نوێیە هەردووکمان بە تەنیا دەبین. بەرگە ناگەرم

**ئانا:** زۆر باشە. ماتیڵد، ئێستا ڤێرجینیا دەیەوێت تۆ بمێنیتەوە. نە لین.

**لین:** هەردووکمان دەمانەوێت ئەو بمێنێتەوە. ئێمە حەزمان لە ماتیلدایە (بە لەهجەیەکی بەڕازیلی).

**ئانا:** ماتیلدە؟

**ماتیلدە:** من سەرم لێ شێوا.

**لین:** من وابەستەی ماتیڵد بووم. بەرگەی ئەوە ناگرم یەکێکی تر بهێنم. ماتیلدە! دڵتەنگیت کە لێرە بمێنیتەوە؟

**ماتیڵد:** من...

**لین:** کێشەت لەسەر پارە نییە؟ باشە مووچەکەت زیاد دەکەم.

**ئانا:** ماتیلدە... دەبێت ئەوەی حەزت لێیە هەڵیبژێریت. پاککردنەوەی ماڵەکەم زۆر ئاسانە. من شتێکی وام نییە.مێزێک و دوو کورسی و جێگایەک و تابلۆیەک و ماسییەکی بچووک کە ئاوەکەی پێویستی بە پاککردنەوە هەیە.من لە ماڵەکەمدا فەرشم نییە، بۆیە پێویست ناکات بە ئامێری ڤاکیوم کار بکەیت.تاکە ئەرکی گرنگت شۆردنی جلەکانی چارڵزە.چونکە نامەوێت جل شۆری کەس بم.

**ڤێرجینیا:** داوای لێبوردن دەکەم، بەڵام بەڕای من ئەگەر دوو کەس بەڕاستی عاشق بن، بەهیچ شێوەیەک لەم کارە ئیزعاجیان نییە و  زۆریش پێشوازی لێدەکەن.ئەگەر من لەجێی تۆ بومایە چێژم لە شوشتنی جلە پیسەکانی چارڵز دەبینی.

«ڤێرجینیا سەیری چارڵز دەکات.»

«سەرەتا لین سەیری ڤێرجینیا دەکات، پاشان ڤێرجینیا سەیری لین دەکات.»

ئانا: ماتیلدە... بیر لە چی دەکەیتەوە؟ ئەگەر هاتیتە ماڵی ئێمە تەنها یەک کار بکە. تەنها دەبێت گاڵتەیەک بگێریتەوە. زۆرم پێ خۆشە کەسێک گاڵتەم بۆبگێرێتەوە ومنیش قاقا پێبکەنم.

ڤێرجینیا: ماتیلد تکایە جێمان مەهێڵە.

ماتیلدە: دەتوانم کاتەکانم نیوە کەم. نیوەی هی لین و ڤێرجینیایە، نیوەکەی تر هی ئانا و چارڵزە ،چۆنە؟

ئانا: لین؟

لین: من نوێنەرایەتی ماتیلدە دەکەم و قبوڵ دەکەم.

ئانا: منیش.

چارڵز: باشە. وایە کە کێشەکە چارەسەر بوو بێت.

لین: ئێستا دەتەوێت بچیت؟

چارلز: چی دەڵێی؟ ئێستا بچم؟

لین: بەڵێ. بڕۆ.

چارڵز: باشە. بۆیە ئێمە دەڕۆین. لە ڕاستیدا من و ئانا دەمانەوێت ئەم نیوەڕۆیە بچین فیلمی سێوی چینی ببینین..، ئانا هەرگیز نەچووە بۆ سێوی چینی. بزانم کەسێک دەیەوێت لەگەڵمان بێت؟

ماتیلدە: تا ئێستا نەمبینیوە.

چارڵز: باشە ئەمە لە ماتیلد. تۆ چیت ڤێرجینیا؟

ڤێرجینیا: منیش دەمەوێت بیبینم.

لین: ڤێرجینیا!

چارڵز: لین. تۆچی؟

لین: دەبێ شێت بوو بێتی. سێوی چینی! خودایە نەمردین و ئەم ڕۆژەمان بینی! ببورە بەڵام تۆ و سێوی چینی! بەڕاستی جێگەی داخە! بەڕاستی دەتەوێت بچیت ئەم فیلمە ببینیت؟ با بزانم ئەمە فیلمێکی بیانی نییە؟ تۆ کە حەزت لە سەیرکردنی فیلمی بیانی نەبوو! تۆ لەبەردەم ئانادا وا نیشان نادەیت کە خۆشت دەوێت،؟ بەڵام ئانا با پێت بڵێم بە هیچ شێوەیەک حەزی لە فیلمی بیانی نییە.. بە هیچ شێوەیەک خۆشی لە خوێندنەوەی ژێرنووسەکان نییە. لە کاتی خوێندنەوەی ژێرنووسەکاندا دەڵێت سەرئێشەی هەیە.

چارڵز: چاوەڕێ ناکەم بەم زووانە لەگەڵ ئەم پرسەدا مامەڵە بکەیت.

بەڵام لەوەتەی ئەمەم بەسەر هاتووە، زۆر حەزم لە ژیانە . ناتوانم بڵێم هەستم چۆنە، بەڵام جۆرێکی جیاوازە . لەم ڕۆژانەدا دەمەوێت سەیری فیلمی بیانی بکەم، بچمە ماچو پیچو... بزانە، تۆش دەتوانیت ڕۆڵێک لەم جیهانە نوێیەی مندابیبنیت. دەتوانم خۆشییەکانم لەگەڵ تۆ دا بەش بکەم

لین: پێویستم بە خۆشی تۆ نییە.

ماتیڵدە (بۆ ئانا): Se ona telenovela (وەک ئەم زنجیرە تەلەفزیۆنییانە دەبێت)

چارڵز: لین...من...

لین: ئەی تۆ چی؟

چارڵز: هیوادارم ڕۆژێک بێت لێم خۆش بیت.

لین: بڕۆ سێوەکەت هەڵبگرە. خواحافیز.

چارڵز: ماڵئاوا.

ئانا: ماڵئاوا.

ماتیڵد: ماڵئاوا.

ڤێرجینیا: دەمێنمەوە.

«ئانا و ماتیلد و چارڵز دەروون.»

لین: دەمەوێت بە تەنیا بم.

ڤێرجینیا: نەخێر، تۆ ناتەوێت.

لین: بۆچی دەمەوێت؟

ڤێرجینیا: وتم تۆ ناتەوێت.بزانم، تۆ ناتەوێت کەسێک لانیکەم پەرداخێک ئاوت پێ بدات

لین: نەخێر. نامەوێ کەس پەرداخێک ئاوم بداتێ ڤێرجینیا!

ڤێرجینیا: من تەنها بیرم لەوە کردەوە کە...

لین: من منداڵێکی بچووکم کە هەڵامەتم هەیە. بەڵێ؟

ڤێرجینیا: ئیتر نازانم چیت بۆ بکەم.

«وچان.بێدەنگی»

لین:  تۆ زۆر باش دەزانیت. پێم وایە لەم دۆخەدا تەنها یەک شتم بەدڵە. تەنها ئەوە بۆ من سەرنجڕاکێشە.

## ٦- باڵکۆنی ئانا

«ئانا و ماتیلدە لە باڵکۆنی ئانادان.»

«باڵکۆنی سەرەوەی ژووری میوانەکە سپییە.»

«باڵکۆنەکە شوێنێکی بچووکی دانیشتنی هەیە کە ڕووی لە دەریا کردووە. لە باڵکۆنەکەدا دوو کورسی و قاپێکی ماسی دەبینرێت»

«تەنها یەک کەس دەتوانێت لە دەرگای فەرەنسی باڵکۆنەکەوە بچێتە ژوورەوە یان دەرەوە.»

«هەروەها ژوورێک کە دەچێتە باڵکۆنەکە لە دیمەنەکەدا پرۆژە کراوە، هەرچەندە لە ڕووکەشدا دیار نییە.»

«ئانا و ماتیلدە بە سێوی زۆر دەورە دراون.»

«دیالۆگی داهاتوو دەبێ بە تێکەڵەیەک لە زمانی پورتوگالی و ئیسپانی دەرببڕدرێت و بە بەکارهێنانی ژێرنووسی ئینگلیزی وەربگێڕدرێت.»

«تەنها لە خوار باڵکۆنەکەوە، لین لە ژوورەکەی خۆیدا لە تەنیشت بوتڵێک ئاوی کوڵاوەوە پاڵکەوتووە.»

«ئانا خەریکە کایە بە سێوێک دەکات.»

«ئانا و ماتیلدە بە بڕێکی زۆر سێو دەورە دراون بە دەوری خۆیاندا دەگەڕێن و چاوی لێ دەکەن. »

ئانا: ئێمەخۆ ناتوانین ئەم هەموو سێوە نەفرەتییە بخۆین.

ماتیلد: بەڵێ، بەڵام خۆشی لەوەدایە تا دەتوانین بخۆین.بێگومان ئەمە جۆرێکە لە شێتی، بەڵام کاتێک ناتوانیت هەمووی بخۆیت، ئەوە تاکە چارەسەریە  .

ئانا: بەڵێ باشە.

«ئانا سێوێک دەبات و دەست دەکات بە خواردن.»

ماتیلد: من زیاتر حەزم لە سێوی سەوزە. ئەی تۆ؟

ئانا: من زەرد . شیرینترە.

ئانا: با لە هەر سێوێک گازێک بەگرین ، هەر سێوێک کە تامی خۆش نەبێت فڕێی بدەینە ناو دەریا.

ئانا: بۆچی وەک باکوریەکان قسە دەکەیت*؟

**ماتیڵد: زۆر خۆشە.**

**ئانا: ئاە، کەواتە باشە.**

**«ئەو دووانە دەست دەکەن بە گازگرتن لە سێوەکان و هەر سێویکیان بەدڵ نەبێت فڕیی دەدەنە ناو دەریا.»**

**«دەریایەک کە هەروەها ژووری میوانەکەی لینە. لین لە ژووری میوان سەیری سێوەکان دەکات فڕێ دەدرێن.»**

**ماتیلدە: لەوەتەی کارم بۆ تۆ کردووە، هەشتا و چوار گاڵتەم سازکردووە.لەو ماڵەی پێشوودا تەنیا توانیم یەک دانە دروست بکەم.بێگومان گاڵتەیەکی زۆر خۆشیش لە ئاو دەرهات. هەندێک جار بوو درووست کەردنی گاڵتەیەکی کۆمیدی زۆر سەختی دەکێشن .**

**ئانا: بۆ ناچیتە سەر کاری گاڵتە ؟**

**ماتیلدە: ڕۆژێک دەچم.**

**«ماتیلد سێوێک فڕێ دەداتە ژووری میوان.»**

**ئانا: بۆ ڕۆژێک؟ بۆ ئێستا ناڕۆی؟**

**ماتیڵد: من بەدوای ئەو گاڵتەجاڕییە ناوازەیەدا دەگەڕێم. بەڵام دەترسم ئەگەر بیدۆزمەوە بمکوژێت.**

**ئانا: بۆ؟**

**ماتیلدە: ئاخە دایکم بەهۆی پێکەنینی زۆر بەم گاڵتەجاڕییە مرد.**

**ئانا: ئای ،پرسە و سەرەخۆشیت لێ دەکەم. ببورن کە ناڕەحەتم کردیت.**

**ماتیڵد: تکایە. دایکم لەکاتی پێکەنینی بە یەکێک لە گاڵتەجاڕەکانی باوکم مرد.**

**ئانا: ئەو گاڵتەجاڕییە چی بوو؟**

**ماتیڵد: هەرگیز تێنەگەیشتم.لێی گەرێی، وەرە با باسی شتە ناڕەحەتەکان نەکەین.**

**چارڵز (دەنگی لە دەرەوەی شانۆکە دەبیسترێت): ئانا!**

**ئانا: ئێمە لە باڵکۆنین.**

**«ماتیلدە گازێک لە سێوەکە دەخوات.»**

**ماتیلدە: تامی ئەمش بکە.**

**ئانا: ئەو...م. زۆر خۆشە.**

**«چارڵز بە عەزی پاککەرەوە دەێتە ژوورەوە.»**

«دەچێتە لای ئانا و سەری ناز دەکات.»

ئانا:ئێمە تەنها گازمان لەسێوەکان دەگرت

چارڵز: بە تامەن؟

ئانا: ئەمیان بە تامترینە.

«چارڵزگازێک لەو سێوەی ئانا دەخوات کە باسی دەکات.»

چارڵز: واو!سەرسوڕهێنەرە.ببورە ماتیلدە! من و ئانا دەبێ بۆ ماوەیەک بە تەنیا بین.

«دەستی ژنەکەی دەگرێت و دەیباتە ژوورەکە.»

ماتیڵد (بوو ئامادەبووان):

زۆر بە ڕێکەوت، ڕەنگە کەسێک گوێی لەو گاڵتە ناوازەیە بێت. هەر وەک تەقینەوەی زیپکەیەک وایە کە لەناکاو لەسەر جەستەی مرۆڤێک هەڵدێت. ئەو نوکتە ناوازەیە تەنها وەک گۆرانییەکی جوان و خۆش وایە کە هەموو مرۆڤێک تەنها یەک جارلە ژیانیدا بیبیستێت و تەواو.

«لە دیمەنەکەدا ژێرنووسێک پیشان دەدرێت، کە لەسەری نووسراوە:»

«ماتیڵد هەوڵدەدات بیر لەو گاڵتەجارییە ناوازەیە بکاتەوە. لە کاتێکدا چاوی لە دەریایە، بیر لەو گاڵتەجارییە دەکاتەوە».

۷- ماتیڵد، ڤێرجینیا و لین:

«ڤێرجینیا دڵخۆشە و سەرقاڵی پاککردنەوەی ماڵەکەیە .»

«لین لەکاتی بیجامی پۆشیوە یاری کارت دەکات.»

«لین هاوارلە ماتیڵد کە لەسەر باڵکۆنەکە وەستاوە دەکات:»

لین: ماتیڵد! بەکارەکەت ڕا بگە.

«ماتیلدە لە باڵکۆنەوە لە دیمەنەکە دەردەچێت.»

ڤێرجینیا: لین...قەنەفەکەت زۆر کۆن بووە. هەروەها ئەم قوماشە زۆر ڕزیوە. دەتەوێت من جلێکی نوێی بۆ بدوریم؟

لین: بەڵێ بێگومان. پێم وایە زۆر سەرقاڵت دەکات.

«ماتیلدە دەێتە ژوورەوە.»

لین: کارەکەت بکە.

«ماتیلدە دادەنیشێت.»

«لە باڵکۆنی ڕاستەوخۆی سەرەوەیان، ئانا و چارڵز گفتوگۆی ڕۆمانسی لەگەڵ یەکتر دەکەن»

لین:باشە. پێم بڵێ لە ماڵە نوێیەکەت کاتێکی خۆش بەسەر دەبەیت یان نا؟

ماتیڵد: بەڵێ. باشە.

لین: ماڵەکەیان چۆنە؟

ماتیلدە: خانوویەکی بچووکە. هەروەها باڵکۆنێکی هەیە کە ڕووی لە دەریا کردووە.

لین: مۆبیلیاتەکانیان چۆنە؟

ماتیلدە: مێز و کورسییەکیان هەیە کە بە هیچ شێوەیەک یەک ناگرنەوە. بێگومان جوانن، بەڵام یەک ناگرنەوە.

لین: باشەئەی چێشت لێنان چییە بۆ تۆ؟

ماتیلدە: خاتوون، من سیخوڕەی کەس نیم.

لین: تۆ ڕاست دەکەیت. ببورە.

«لین و ماتیڵد یاری کارت دەکەن.»

«ئانا و چارڵز لە باڵکۆنەکەدا گفتوگۆکانیان تەواو دەکەن و دەچنە ژووری نووستنەکە.»

«لین کارتێک فڕێ دەدات.»

لین: بڵێی بزانم ئەو دووانە زۆر بە عاشق و خۆشەویستی دەردەکەون؟

ماتیڵد: بەڵێ

لین: بۆچی؟ چ جۆرێکن

ماتیلدە: تا نیوەڕۆ لە جێگاکەیان هەڵناستن. چارڵز ئیتر ناچێتە سەر کار. ڕۆژانە نیوەی سەردانی نەخۆشەکانی هەڵدەوەشێنێتەوە. دەیەوێت هەموو کاتەکانی لەگەڵ ئانا بەسەر ببات.

لین: ئەە...

«وەستان بێدەنگی»

ماتیلدە: ئانا جارێکی تر نارەحەت بۆتەوە. پێم وایە ئەو دەمرێت.

ڤێرجینیا: چی؟

ماتیڵد: نەخۆشیەکەی گەڕاوەتەوە. ئامادە نییە هیچ دەرمانێک بخوات. دەڵێت هەموو دەرمانەکان ژەهراوین.چارلز بەردەوام پێی دەڵێت پێویستە بچێتە نەخۆشخانە، بەڵام ناچێت. هەمووکاتەکەیان بۆتە شەڕ لەگەڵ یەکتری. شەڕەکانیان وەک ئەم زنجیرە تەلەفزیۆنیانە وایە. چارلز هاوار دەکات و هەموو شتێکی دەستی فڕێ دەداتە بە دیوارەکەدا.

لین: چارلز هیچ کات بە بەسەر کەسدا هاواری نەدەکەرد.

ماتیڵد: ئێستا وای لێهاتووە. دوێنێ ئەوژن و مێردەکە هەموو دەبە بەهاراتەکانیان لەدەرودیوار هەڵ کرد.یەکێک لە بەهاراتەکان زەرد بوو. دەموچاو و جەستەی هەردووکیان زەرد ببوو.

«دەبەیەک کە بەهاراتێکی زەردی تێدایە لە باڵکۆنەوە دەکەوێتە خوارەوە.»

«تۆزی زەرد تەواوی ژووری میوانی ماڵی لین دادەپۆشێت.»

لین: وتت ئانا ڕازی نابێت بچێتە نەخۆشخانە. نەخێر؟

ماتیڵد: نەخێر. نەڕۆیشت لەوانەیە پێویست بکات کاتێکی زیاتر لە ماڵەکەیان بەسەر بەرم. ئەوان پێویستیان بە منە.

ڤێرجینیا: فەقیرە چارلز.

لین: فەقیرە چارلز؟

فەقیرە ئانا

فەقیرەمن

وشەی فەقیرە کاتێک زۆر بەکاردەهێنرێت گاڵتەجاڕانە دەردەکەوێت. واتای چییە: فەقیرە، فەقیرە، فەقیرە، فەقیرە.

پێت وانیە پێکەنیناوییە؟

ڤێرجینیا: لین؟ حاڵت باشە؟

لین: کێ ؟من؟ بەڵێ باشم.

٨- ئانا و چارلز هەوڵ دەدەن لە بیرکردنەوەکانی ئانا تێبگەن

«ئانا و چارلز لە باڵکۆنەکەدان.»

«ئانا خاولییەکی گەرماو لەبەردایە.»

چارڵز: هەشت.

ئانا: نەخێر حەوت. زۆر لێی نزیک بوویتەوە.

چارڵز: جارێکی تر دەڕۆم.

ئانا: باشە.

چارڵز: چوار.

ئانا: بەڵێ.

چارڵز: هەر لەسەرەتاوە دەمزانی کە دەتوانم چوار سێو ببینم. ئێستا: ڕەنگەکان.

ئانا: باشە.

چارڵز: دەست پێدەکەم.

ئانا: سوور.

چارڵز: نەخێر.

ئانا: شین.

چارڵز: نەخێر.

ئانا: من ماندوو بووم. جێی بهێڵن.

چارڵز: وەنەوشەیی. دەبێت کار لەسەر تەرکیزمان بکەین ئامادەیت: دەست پێ بکە.

ئانا: من ماندوو بووم.

چارڵز: باشە باشە. تەواو دەکەین.

ئانا: سوودی ئەم هەموو پێشبینییە چییە؟

چارلز: هودینی دەناسیت؟

ئانا: جادووگەرەکە؟

چارلز: بەڵێ. هودینی و هاوسەرەکەی مەشقی خوێندنەوەی بیری یەکتریان دەکرد. ئامانجیان ئەوە بوو کە ئەگەر ڕۆژێک یەکێکیان بمرێت، ئەو کەسەکەیان بتوانێت لە ڕێگەی مێشکی خۆیەوە قسەی لەگەڵ بکات.

ئانا:  سەرکەوتووبوون؟

چارلز: نەخێر.

ئانا: کەواتە چی؟

چارلز: بەڵام من تۆم خۆشدەوێت زیاتر لەوەی هودینی هاوسەرەکەی خۆشدەویست. سیحر  و جادوو شێتی کردبوو. بەڵام من بەم ئاسانیی شێت نابم. ئانا ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بچینە نەخۆشخانە.

ئانا: وەک پێم گوتی، نەخۆشخانەنایم.

«چارلز دڵتەنگە.»

ئانا:خەمت نەبێت چارلز!

چارلز: نارەحەت نەبەم؟! وای لە تۆ.

ئانا: من ئەمەم ناوێت.من دەچم بۆ مەلێ.ماتیلدە! وەرە ئاگاداری چارلز بە. من دەچم بۆ مەلەوانگەکە.

«ئانا دیمەنەکە بەجێدەهێڵێت.»

«چارلز لە باڵکۆنەوە سەیری دەرەوە دەکات و دەبینێت ئانا دەچێتە ناو ئاوەکەوە.»

چارلز: ئانا! ئایا دەتوانیت شارێک لە ژێر دەریادا بە خەیاڵ دا ببینیت؟ لە سەرەوەی باڵکۆنەکەوە بە چاوی خۆم دەیبینم.

ماتیلد: ناتوانێت گوێ  لێ بێت.

«چارلز جلەکانی دادەکەنێت و لە باڵکۆنەکە فڕێی دەداتە دەرەوە.»

«پاشان جلی مەلەوانەکەی لەبەر دەکات و دەچێتە دەریا.»

چارلز:ببورە ماتیلدا!  دەچم مەلە بکەم.

ماتیلدە: ئایا دەزانی مەلە بکەیت؟

چارلز: دەمەوێت فێر بم.

«ڕاست لە ژێر باڵکۆنەکەدا کە ژووری میوانەکەی ماڵی لینە، لین    چاوی پۆلی ئۆڤەر چارلز دەکەوێت.»

«لین بۆنی پۆلی ئۆڤەرکە دەکات.»

«چارڵز بەسەر باڵکۆنەکەدا پاڵکەوتووە.»

چارڵز:ئانا ئەو شارە چی بەسەر هات؟ پێم وایە شارێکی زۆر بچووکە، ئایا نابێت لۆکزامبۆرگ بێت؟ ئانا

«چارڵز لە شانۆکە ڕادەکاتە دەرەوە.»

«ماتیڵد سەیری ئەودیوی دەریا دەکات.»

«وچان.»

«ماتیڵد چاو لە دیمەنەکە دەکات.»

«لەناکاو مێشکی پریشکێکی لێکەوتەوە و لە مانای ئەو گاڵتە ناوازەیە تێگەیشت.»

ماتیڵد: خودایە.ئای نا.خواوەندگیان،ئەمە گاڵتەیەکی ناوازەیە.نەکامردبێتم ونەمزانیبێت؟بە لام نە خیر...

## ٩- سەرەتا لین و ڤێرجینیا پاشان ماتیلد.

«لین دانیشتووە و پۆلی ئۆڤەر چارڵزی بەدەستەوەیە.»

«ڤێرجینیا دە یتە ژوورەوە لەکاتێکدا کار لەسەر ئامێری واکیوم[٧] دەکات.»

لین: وازی لێ بێنە.

ڤێرجینیا: چی؟

لین: پێم وایە ئەوە بەسە. ئەوەندە ماڵ خاوێن مەکەنەوە.

ڤێرجینیا: بۆچی؟

لین (بە هاوارەوە): ئیتر نامەوێت هیچ شتێک لە ماڵەکەم دا خاوێن بێت.بەهیچ شێوەیەک. من پێم خۆشە هەموو شوێنێکی ماڵەکە پڕ بێت لە پیسی.

من دەمەوێت مانگایەک لە ماڵەکەمدا ببەستمەوە و پیسییەکەی هەموو ماڵەکەبگرێت بەجۆرێک ئەگەر پێت بخەیتە سەر زەوی گۆڕاوەکانت پڕبن لە قوڕ..ئەمە هەستی منە ئێستا.

«لین واکیومەکە لە کارەبا دەکاتەوە.»

[٧]-ئامێری پاکەت کردن

ڤێرجینیا: واو. ببوورە.

لین: دەزانی چی؟ ڕێگەت پێنادەم ماڵەکەم بکەیتە مشکی تاقیگە لەبەرئەو وەسوەسە گاڵتەجاڕەیت.

ڕێگەت پێنادەم بەبیانوی کۆکردنەوەی تۆز، خۆت لە من باشتر و کامڵتر بناسیت.

ڤێرجینیا: بەڵام من تەنها یارمەتیت دەدەم.

لین: بەجدی؟ بەڵام کارەکەت بە یارمەتی هەژمار ناکرێت.

ڤێرجینیا: نازانم...بەتەواوی لە کەیەوە...وەک مانگا لێهاتووە؟ ئاە، بیرم هاتەوە، هەر لەو ڕۆژەوەی لەدایک بوویت، پێت وابوو هەمووکەسێک کێشەی هەیە و ئیرادەیەکی لاوازی هەیە. بەڵام تۆ هەڵەیت. کێشەی هەندێک کەس واقیعییە و هیچ پەیوەندییەکی بە ئیرادەی ئەوانەوە نییە.

لین: دەزانم. ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر لە نەخۆشخانە دەبینم کە بەڕاستی تووشی کێشە دەبن.

ڤێرجینیا: پێم وایە ئیتر زۆر نارەحەت نیم کە ژیانت لەیەک بڵاو دەبێتەوە. بەڕاستی حەز دەکەم بۆ جارێک ئازار و دڵتەنگی تۆ ببینم، تا ئێستا پێم وابوو من و تۆ دەتوانین وەک دوو خوشکی ڕاستەقینە ڕاستیەکان بە یەکتر بڵێین، بەڵام من هەڵە بووم. باشە، باشە. ئیتر ماڵەکەت خاوێن ناکەمەوە. دەمەوێت کارێکی نوێ بۆ خۆم بدۆزمەوە.

لین: وەک چی؟

ڤێرجینیا: هەرچییەک بێت.

لین: پێت وایە دەتوانیت چی بکەیت؟

ڤێرجینیا: سەیر نییە چارلز بەرەڵای کرد و ڕۆیشت. بە هیچ شێوەیەک بەزەییت نییە.

لین:بەپێچەوانەوە من کەسێکی زۆر دڵرحمم

ڤێرجینیا: پێم وایە کەسێکی کە میهرەبانە.ئانایە

لین: وتم کەمنیش زۆر دڵرحمم.

ڤێرجینیا: بەڕاستی. دەتوانی پێم بڵێی بۆ؟

لین: هەمووی ژیانم تەرخان کردووە بۆ یارمەتیدانی نەخۆشەکان. ئەی تۆ چی؟

«ڤێرجینیا و لین هەناسەیان توندتر بووە.»

«ڤێرجینیا و لین وەک دوو ئاژەڵ کە ئامادەن بە بێدەنگی هێرش بکەنە سەر یەکتر پاسەوانی دەکەن.»

«ئەم حاڵەتە هەمیشە لە کاتی شەڕ و دەمەقاڵەی نێوان دوو خوشکدا بوونی هەبووە.»

لین: دەچم بڕێک ئاو دەکەم بە سەر و دەموچاوم دا.

ڤێرجینیا: باشە.

«لین دەچێتە دەرەوە.»

«ڤێرجینیا لە باڵکۆنەکەدا بە تەنیایە. تۆمارکەرەکە دادەگیرسێنێت و گوێ لە گۆرانییەکی ئیتاڵی دەگرێت.»

«ئانا لەکاتی گوێگرتن لە گۆرانییەکە، لە دوورەوە سەیری دەریاش دەکات.»

«ڤێرجینیا گوڵدانێک دەخاتە سەر زەوی و پیسی دەگاتە هەموو شوێنێک.»

«هەست دەکات زۆر چێژی لێ وەرگرتووە.»

«پاشان ژووری میوان پیس دەکات.»

«ماتیلدە دەێتە ژوورەوە.»

ماتیڵد: چی دەکەیت ڤێرجینیا؟

ڤێرجینیا (بە هاوارەوە): من هەموو شتێک تێکدەدەم.

«ڤێرجینیا کاری پیسی ڕیتمی و ئاوازی ماڵەکە تەواو دەکات.»

«گۆرانییەکە کۆتایی دێت و ئانا لە باڵکۆنەوە لە شانۆکە دەردەچێت.»

ماتیڵد: چۆنی؟

ڤێرجینیا: لەم باشتر نابێت. هەستێکی زۆر باشم هەیە.

«ماتیلدە دادەنیشێت.»

«ماتیڵد سەری لەسەر دەستەکانی دادەنێت.»

«لین دەێتە ژوورەوە.»

لین: چ بووە. چی ڕوویداوە؟

ڤێرجینیا: هیچ، من شێت بووم. بەڕاستی داوای لێبوردن دەکەم.

«ڤێرجینیا بە پێی پارچەیەک لە شتە خراپەکان دەدات.»

«لین سەیری ماتیلدە دەکات.»

**لین (لە قسەکردن لەگەڵ ڤێرجینیا): ئێستا ئەمە چییەتی؟**

**«ڤێرجینیا شانی هەڵدەتەکێنێت.»**

**ماتیڵد: بەڕاستی   هەموو شوێنێک پیس بووە.**

**ڤێرجینیا: خۆم خاوێنی دەکەمەوە.**

**ماتیڵد: ئەوە نییە...ئانا و چارلز...پیسن.**

**لین: چی ڕوویدا؟ ئایا ماوەی خۆشەویستیان تەواو بووە؟**

**ماتیڵد: نەخێر.**

**ڤێرجینیا: باری دەروونیت خراپە؟**

**ماتیڵد: بەڵێ.**

**لین: کە ئەوەیە.**

**ڤێرجینیا: زۆر بەداخەوە.**

**ماتیڵد: بەڵێ. بەڕاستی چارلز ڕۆیشتووە بۆ گەشتێک.**

**لین: بۆ کوێ چووە؟**

**ماتیڵد ( بۆ لین): ئەلاسکا.**

**ڤێرجینیا: کوێ؟**

**ماتیڵد ( بۆ ڤێرجینیا): ئەلاسکا.**

**لین: بەڵام...بۆ چی ئەوێ؟**

**ماتیلدە: وتی بڕیارە جۆرێک دار بۆ ئانا ببڕێت.**

**ڤێرجینیا: چی؟**

**ماتیلدە: دارێکە پێی دەوترێت تۆ. خۆی وای وت.**

**«ماتیڵد ئاماژە بەوە دەکات»: "تۆ".**

**ڤێرجینیا: داری تۆ؟**

**ماتیلدە: بەڵێ تۆ. وتی بڕیارە زانستێکی نوێ بە ناوی "زانستی تۆ" دابهێنێت.**

ڤێرجینیا: ئای خوایە گیان. خۆشەویستی کچەکە بە تەواوی شێتی کردوە.

لین: نەخێر ئەو شێت نییە. ناوی ئەو دارە ،داری تۆیە، سەر بە ناوچەی زەریای ئارام، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٢٦٦ لە تویکڵەکەی هێنراوەتەتاکسۆل. تایبەتمەندی دژە شێرپەنجەی هەیە و ڕیشەی شێرپەنجەییەکان خاو دەکاتەوە.

ماتیلدە: وتی کە جۆرێکی تایبەتی درەختە لە هەموو شوێنێک نادۆزرێتەوە.

لین: بەڵێ زۆر تایبەتە.

ماتیلدە: دەیەوێت دارەکە لە حەوشەی ماڵی ئانا بچێنێت بۆ ئەوەی لە باڵکۆنەوە هەست بە دارستانەکە بکات. ئانا ناچێت بۆ نەخۆشخانە. هەر بۆیە چارلز وتی لەبری ئەوە نەخۆشخانەکە دەهێنێتەوە ماڵەوە.

ڤێرجینیا: سەرنجڕاکێشە.

لین: بە هیچ شێوەیەک سەرنجڕاکێش نییە ڤێرجینیا. ژنێکی تەنیا خەریکە دەمرێت، پاشان چارلز سەرقاڵی بڕینی دارێکی گاڵتەجاڕانە و خۆی بە پاڵەوان دەزانێت.

ڤێرجینیا: ئایا ئێستا ئانا دەبێ بچێتە لای پزیشک؟

ماتیڵد: بەڵێ. بەڵام دکتۆر برۆ نییە. هەر بۆیە بیرم کردەوە پزیشکێک بهێنمەوە ماڵەوە. ئایا دکتۆرێک دەناسیت کە بێتە ماڵەوە؟

ڤێرجینیا: مەبەستت سەردانی ماڵەوەیە؟

ماتیڵد: باشە بەڵێ.

«ڤێرجینیا و ماتیڵد سەیری لین دەکەن.»

لین: چیە؟ بۆ وا سەیری من دەکەن؟

«ئەو دووانە بەردەوامن لە مشتومڕ.»

چاوەڕێ ناکەیت من خۆم ئاگاداری هەووەکەم بم؟

ڤێرجینیا: بە چاوی نەخۆشێک سەیری بکە نەک هۆو. ئەگەر بتەوێ دەتوانی.

لین: ئەگەر بیویستایە بچێتە لای پزیشک ئەوا دەچووە نەخۆشخانە. بە هیچ شێوەیەک نامەوێت بچمە ماڵی ئەو. من بشمویستاێت، عاقەڵانە نەبوو.

«ئەو دووانە هێشتا سەیری لین دەکەن.»

**«لەم نێوەندەدا چارلز بە هێواشی بەسەر شانۆکەدا دەڕوات، چاکەتێکی ئەستووری لەبەردایە، بەدوای هەمان درەختی چاککەرەوەدا دەگەڕێت. بایەکی سارد دەهەژێت.»**

**١٠-لین تەلەفۆن بۆ هاوتای مێردەکەی دەکات.**

**«باڵکۆنی ماڵی ئانا.»**

**«لین بە ئامێری بیستن دڵی ئانا دەپشکنێت.»**

**لین: هەناسە بدە.**

**جارێکی تر**

**«لین  لە دڵی ئانا وەردەگرێت.»**

**ئایا کێشەی هەناسەدانت هەیە؟**

**ئانا: نەخێر. بەڵام هەندێک جار سنگم ئازاری هەیە کاتێک هەناسە دەدەم.**

**لین: بەڕاستی لە کوێ؟**

**ئانا: لێرەدا.**

**لین: لەکاتی پشوودان ئەم ئازارەت هەیە؟**

**ئانا: بەڵێ.**

**لین: لە کوێ؟**

**ئانا: لە بڕبڕەی پشتمدا.**

**لین: توند یان سووک؟**

**ئانا: چڕ.**

**لین: ئەویش بە تیژی؟**

**ئانا: مەبەستت وەک ڕووناکی؟**

**لین: مەبەستم ئەوەیە... لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوازرێتەوە؟**

**ئانا: بەڵێ. لێرەوە بۆ ئەوێ**

**لین: ئارەزووی خواردنت چۆنە؟**

ئانا: زۆر باش نییە.دەبێ ڕقت لە من بێت!

لین: سەیرکە من ئێستا تەنها دکتۆرم. تەنها پزیشکێک.

«لەین پەنجە لە بڕبڕەی پشتی ئانا دەدات.»

بە ئازارە ؟

ئانا: جاران ئازاری دەدا.

لین: ناتوانم لێدوان بدەم بەبێ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان.

ئانا: دەزانم.

لین: وە هێشتا ناتەوێت بچیتە نەخۆشخانە. ڕاستە؟

ئانا: بڵی ڕاستە.

لین: باشە.

ئانا: تۆ پێت وایە من شێتم، وانییە؟

لین: نەخێر.

«وەستانێکی کورت.»

ئانا: باشە. حەز دەکەیت خواردنەوەیەکت بۆ بهێنم؟ لە ماڵەوە چایمان هەیە.

لین: بەدڵنیاییەو سوپاس بۆ میهرەبانیت.

«ئانا دەروات.»

«لین سەیری دەریا دەکات.»

«لین دەست دەکات بە گریان.»

«ئانا بە چایەوە دەێتە ژوورەوە.»

ئانا: لین؟

لین: واو. نەمدەویست لەبەردەمتدا بگریم.

ئانا: ئارام بگرە. پێش خۆت مەگرە. حتم کە دەبێت ڕقت لێم بێت .

لین: نەخێر ڕقم لێت نییە.

**ئانا: کەواتە بۆ دەگریت؟**

**لین: بەڵێ. ڕقم لێتە!**

**تۆ... درەوشاوەێت... نازانم چۆن... بەڵام من هیچ بریقەیەکم نییە... ئەم ڕووناکیەی تۆ ڕاستە... وەک شەیتانێک... دەتوانیت دوانەوەهاوتای هەر کەسێک بیت.. .چونکە تۆ ئەویت.ڕۆداری....تۆ باڵکۆنت هەیە...بەڵام من باڵکۆنم نییە...کاتێک چارڵز سەیرت دەکات...ئەویش دەدرەوشێتەوە...تۆ بەقەد... دوو پەپولەی ئاگرین و درەوشاوێت.. .چارڵز هەرگیز بەم جورە سەیری نەکردبووم**

**ئانا: لین.**

**لین: سەیری وێنەکانی هاوسەرگیریمان کرد تا بزانم بەو شێوەیەی ئێستا سەیری تۆ دەکات سەیری من دەکرد، بەڵام نەخێر. ئەو لەو کاتەشدا بەو شێوەیە بە سەرسامییەوە سەیری نەدەکردم، من لەو کاتەدا نەمدەزانی کە دەکرێت بە شێوازێکی تر سەیر بکرێت... باشە، چۆن دە بوو بزانم... نەمزانی تەنانەت دەموچاوی چارڵز توانای ئەوەی هەبووە بەو شێوەیە سەیری من بکات، ئەویش بە هەمان شێوە کە سەیری تۆی دەکرد کە لە ژووری میوانیماڵەکەم دا**

**ئانا: بەڕاستی داوای لێبوردن دەکەم.پێم ناخۆشە...**

**لین: نەخێر تۆ نیت. ئەگەر بەڕاستی پەشیمان بویتایە ئەم کارەت نەدەکرد ئێمە ڕاهاتووین هەرچیمان پێ خۆش بێت بیکەین و دواتر داوای لێبوردن دەکەین. بەڵام ئێمە لە ڕاستیدا پەشیمان نین. تەنها کەمێک ناخۆشە بۆ ئێمە کە دەبینین کەسانی تر ئازار دەچێژن.ئەمەیەو بس.**

**«ئانا کوپێک چا دەدات بە لین.»**

**لین:سوپاس.**

**«لین چایەکە دەخواتەوە.»**

**«هەردووکیان سەیری ماسییەکانی ناو قاپەکە دەکەن.»**

**لین:ئەمە چ جۆرە ماسییە؟**

**ئانا: ماسییەکی جەنگاوەر.**

**لین: تەمەنی چەندە؟**

**ئانا: دوانزە ساڵ.**

**لین: دوانزە ساڵ زۆر درێژە بۆ ماسییەک.**

**ئانا: چاوەڕێم دەکرد زووتر بمرێت، بەڵام هیچ ڕووی نەدا.**

«لین بە پەنجەی خۆی لە قاپی ماسییەکە دەدات.»

«ماسی خوول دەخوات.»

ئانا:چون بووکە تۆ و چارڵزعاشق بوون؟

لین: پێی نەوتی؟

ئانا: نەخێر.

لین: باشە، ئەگەر ڕاستگۆ بم، من و چارڵز هاوپۆل بووین لە زانکوی پزیشکیدا. ئێمە هاوبەشی یەکتر بووین لە هۆڵی پارچەکردنی تەرمە کان.

ڕۆژێک کە خەریکی پارچە پارچەکردنی تەرمێک بووین، عاشق بووین.

«لین و ئانا سەیری یەکتر دەکەن.»

«لین هەست دەکات کە لە ئانا لیی خۆش بووە.»

ئانا: سێو دەخۆیت؟

لین:بەڵی سەداڵە سەد.

«ئانا سێوێک دەدات بە لین.»

«لین تەنها گازێکی لێدەگەرێت.»

لین:ئایا چارڵز ئەم سێوەی هەڵبژاردووە؟

ئانا: بە تەواوی نازانم کێ هەڵبژاردووە.

«لین سێوەکە دەخوات.»

لین: بە تامە.

«لەم نێوەندەدا چارڵز لە پارکێکی گەورەی دارستاندایە و تەوریی بە دەستەوەیە

لە لایەکەوە بۆ لایەکی تر دەڕوات (لە دیمەنەکەدا بەم شێوەیە دەیبینین)»

«لە باڵکۆنەکەدا بەفر دەبارێت.»

### ١١-. لین پەیوەندی تەلەفۆنی بە ڤێرجینیا دەکات

«لین و ڤێرجینیا لە تەلەفۆندان.»

لین: من ئانام بینی.

ڤێرجینیا: کەواتە چی ڕوویدا؟

لین: ئەو دێت بۆ ئەوەی لەگەڵمان بژی.

ڤێرجینیا: چی...؟

لین: ناتوانێت بە تەنیا بژی. زۆر نەخۆشە خۆم بانگهێشتم کرد.

ڤێرجینیا: کارێکی زۆر باشت کرد. سەرسام بووم.

لین: تۆش لەگەڵ ماتیلدە دێیتە ئێرە بۆ ئەوەی ئاگاداری بیت؟

ڤێرجینیا: من؟ نەخێر. من چووم بۆ ئیشکردن.

لین: چی؟

ڤێرجینیا:دەڵێم کارێکم دەستکەوتووە.

لین: چی دەکیت؟

ڤێرجینیا: بووم بە سەندووقدار. لە سوپێرمارکێتێکدا

لین: تۆ شتێکی وا ناکەیت.

ڤێرجینیا: بۆچی، . ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی کارکردنم بوو، بەڕاستی کارەکەمم بەدڵ بوو، بەتایبەتی کارکردن بە حاسیبەی فرۆشگاکە، کە زۆر چێژبەخش بوو. سەیرکردنی جوڵەی سەوزە ڕەنگاوڕەنگەکان لەسەر پشتێنەی گواستنەوە،بەڕاستی جوانی وەنەوشەیی، سەوز، سوور، زەرد. هاوکارەکانم زۆر میهرەبانن هەرکاتێک لەکارەکەم گیر بخۆم یارمەتیم دەدەن. هەستی هاوڕێیەتی لە نێوانیاندا هەبوو، جۆرێک لە یەکێتی زۆرم پێ خۆش بوو.

لین: واو.

ڤێرجینیا: بەڕاستی داوای لێبوردن دەکەم. من هیچ کاتێکم نییە، وناتوانم هیچ شێوەیەک یارمەتیت بدەم.

«وچان.بێدەنگی»

لین: تۆ ئەم چیرۆکەت هەرئێستا ڕێکخست. وانییە؟

ڤێرجینیا: بەڵێ.

لین: باشە. یارمەتیم دەدەیت؟

ڤێرجینیا: بەڕاستی پێویستت بە یارمەتی منە؟

لین: بەڵێ. من پێویستم .

ڤێرجینیا: دڵنیای؟

لین: دڵنیام.

ڤێرجینیا: کەواتە بڵێ: پێویستم بە یارمەتی تۆیە.

«وەستانێکی کورت.»

لین: پێویستم بە یارمەتی تۆیە.

ڤێرجینیا: ئێستا کە دانت بەوەدا ناوە، یارمەتیت دەدەم.

١٢-ئانا و ڤێرجینیا. پاشان ماتیلْد و پاشان لین

«هەموو کەلوپەلی تایبەتی ئانا گواستراوەتەوە بۆ ژووری میوان لە ماڵی لین.»

«قاپی ماسی ئانا لەسەر مێزی قاوەیە.»

«لەسەر فەرشەکە کیسە سێو هەیە.»

«جێگەی نوستن و جلوبەرگ لە جانتایەکی دەستی کەوتنە خوارەوە.»

«ڤێرجینیا خەریکی ئامادەکردنی سینییەکی تایبەتی خواردنە بۆ ئانا.»

«ڤێرجینیا گوێ لە ئانا دەگرێت.»

ئانا: خەڵک باسی شێرپەنجە دەکەن وەک ئەوەی سەد ساڵە تووشی شێرپەنجە بووبێتم . دوای ئەوە پشکنینی خوێن و نمونەگرتن و چارەسەری کیمیایی و چارەسەری تیشکی و هەزار شتی تر، من پێم خۆشە تا لە ژیاندا بم.شتەکانم لە بەر دەستم دابن.

«ڤێرجینیا سینی خواردنەکە دەداتە ئانا.»

ئانا:سوپاس .

«ئانا گازێک دەگرێت.»

ڤێرجینیا: حەزت لێیە؟

ئانا: زۆر بە تامە. ئەم خواردنە چییە

ڤێرجینیا: ناوی کاسێرۆڵە. لەم ڕۆژانەدا کەس کاسێرۆل دروست ناکات. پێم وابوو لەوانەیە ئارامت بکاتەوە.

ئانا: چی تێدایە؟

ڤێرجینیا: ئەو شتانەی کە بە دڵنیاییەوە ناتەوێت بزانیت.

ئانا: باشە بەهەر حاڵ ئەوە شتێکی باشە.

ڤێرجینیا. سوپاس بۆ ئاگاداربوونم.

«ڤێرجینیا دەلەرزێت.»

ئانا:چی بوو؟

ڤێرجینیا: هیچ.. من ڕا نەهاتووم بەوەی سوپاس بکرێم.

«ماتیڵد  تەلەگرافێک بە دەستەوە دەێتە ژوورەوە.»

«تەلەگرامەکە دەدات بە ئانا.»

ماتیڵد: ئەم تەلەگرامە لە چارڵزەوەیە.

«لەم نێوەندەدا چارڵز بە چاکەتێکی ئەستوورەوە دە یێتە ژووری میوان.»

«بەفر دەبارێت.»

چارڵز: ئانای ئازیزم. چاوەڕوان بە. سەبرت بێت،مەڕۆن.

من لەبەر تۆ ئەو دارەم بریوە. چاوەڕوان بە مەڕۆ.

بە دارێکی وا گەورە نەمتوانی سواری فڕۆکەکە بم. چاوەڕوان بە مەڕۆ.

منیش لەگەڵ ئەوەدام، دەبوو فێری فڕۆکەوانی بووما‌یە. چاوەڕوان بە. سەبرت بێ،مەڕۆن.

چاوەڕێم بکە چاوەڕوان بە. مەڕۆ،سەبرت بێت.

خۆشەویست، چارڵز.

**ئانا: چاوەڕێم دەکەرد بۆ من ببێتە پەرستار، بەڵام ڕویشتوە بوم بوتە دۆزینەروەی دار. ژیان هەمیشە بەم شێوەیەیە.**

**«چارڵز دیمەنەکە بەجێدەهێڵێت.»**

**«لین دەێتە ژوورەوە.»**

**لین: سڵاو.**

**ئانا: سڵاو**

**«ئانا تورە یە.»**

**ڤێرجینیا: کەس هەیە ئایسکرێمی دەوێت؟ هەندێکم دروست کردوە.**

**ماتیلدە: دروستت کردووە؟**

**ڤێرجینیا: کارێکی قورس نەبوو.**

**ئانا: من زۆر حەزم لە ئایسکرێمە.**

**ڤێرجینیا: حەزت لە شوکولاتەیشە؟**

**ئانا: بێگومان من حەزم لێیە، بەڕای من هەرکەسێک حەزی لە شوکولاتە نەبێت، پێویستە گومان لە عەقڵی خۆی بکات.**

**ڤێرجینیا: ئێستا هەندێکیان دێنەم.**

**ماتیڵد: من یارمەتیت دەدەم.**

**«ڤێرجینیا و ماتیڵد لە شانۆکە دەردەچن.»**

**« لین چاولە ماسییەکانی ئانا دەکات.»**

**لین: ئەوە بە دروستی کاری کرد.**

**ئانا: بەڵێ بۆ خۆی پاشایەکە.**

**«لین بە پەنجە لە قاپی ماسییەکە دەدات.»**

**«ماسی خوول دەخوات.»**

**«ماتیڵد و ڤێرجینیا بە چەند کەوچک و ئایسکرێمێکەوە دەگەڕێنەوە.»**

**«لین سەرەتا دوودڵە، بەڵام دواتر کەوچکێک لە ڤێرجینیا وەردەگرێت.»**

**«هەموو ئایسکرێمەکە دەخۆن.»**

**ئانا:ۆۆۆ زۆربە تامە.**

**ماتیلدە: هیچ شتێک وەک ئایسکرێم  ماندوویيت نابات.**

**ئانا: زۆرشلە.**

**ماتیڵد: هەڵبەت منیش لە ئەمریکا زۆر ئایسکرێمی توندم خواردوە.**

**ئانا: بەڵێ. منیش خواردومە.**

**لین: من کە زۆر حەزم لە ئایسکرێمە.**

**«هەمووان ئایسکرێم دەخۆن.»**

**ئانا: بۆ ساتێک بیهێنە بەرچاوت ئەو ڕۆژانی  کە ئایسکرێم نەبووە. لەو سەردەمەدا خەڵک بە هیچ شێوەیەک نەیاندەتوانی هیچ شتێک بە بەستوویی بهێڵنەوە. جارێک کەشتییەک بە ئایسکرێمەوە ئەوروپا بەجێدەهێڵێت بەرەو ئەمریکای باشوور. بەڵام تا ئەو کاتەی هەموو ئایسکرێمەکان دەتوێنەوە و کاپتنی کەشتییەکە وەرشەکەستە وئیفلاس دەبێت. بیری لێ بکەرەوە، دوای ئەو هەموو کاتە، تاکە شتێک کە بۆ فرۆشتنی هەبوو، ئاو بوو**

**ڤێرجینیا: کەشتییەکی پڕ لە ئاو.**

**ماتیلدە: کەشتییەکی پڕ لە ئاو.**

**«هەموو ئایسکرێمەکە دەخۆن.»**

**«هیچیان خۆی پاک ناکەنەوە.»**

**ڤێرجینیا (بۆ ئانا): تۆ بە تاو دەردەکەویت، گەرماتە؟**

**ئانا: نەخێر من ڤێنکم.**

**ڤێرجینیا: دەچم گەرمیپێوەرێک دەهێنم.**

**ئانا: نەخێر نایەوێت.**

**لین:  بەتانەچی؟  دەتەوێت؟**

**ئانا: بەڵێ. بەتانیەکە باشە.**

لەین (بۆ ڤێرجینیا): لە کوێ دەتوانم بەتانییەکانم دابنێم؟

ڤێرجینیا:ئێستا نیشانت دەدەم.

«لەین و ڤێرجینیا دەردەچن.»

ئانا: ماتیلدە. تەواوو ئێسکەکانم ئێش و ئازاریان هەیە.

ماتیڵد: بەڵێ، لە بارودۆخەکەت تێدەگەم.

ئانا: تا ئێستا ئازاری ئێسکت هەبووە؟

ماتیڵد: نەخێر.

ئانا: هیوادارم هەرگیز نەت بێت.بەڕاستی ماتیلدە. جارێک پێت وتم باوکت بە گێرانەوەی گاڵتەیەک دایکی کوشتووە.

ماتیڵد: بەڵێ، ئەوە ڕاستە.

ئانا: دەمەوێت بە گاڵتەیەک منیش ڕزگارکەی.

ماتیڵد: بەڵام خۆشم دەوێیت. من بە هیچ شێوەیەک نامەوێت شتێکی لەو جۆرە بکەم.

ئانا: ئەگەر بەڕاستی خۆشت دەوێم یارمەتیم بدە.

ماتیڵد: کەواتە ئەی چارڵز؟ ناتەوێت چاوەڕێی بکەیت؟

ئانا: نەخێر.

ماتیڵد: بۆچی؟

ئانا: ڕاستگۆیانە ئیتر لەتوانم دا نەماوە.

ماتیڵد: تێدەگەم.

ئانا: ئایا ئەمەم بۆ دەکەیت؟

«وچان.»

ماتیڵد: باشە.

ئانا: کەی؟

ماتیڵد: هەرکاتێک بتەوێت.

ئانا: پێویستت بە کات نییە بۆ ئەوەی ئەو گاڵتەجاڕییە بکەیت؟

ماتیلدە: ئەو گاڵتەم لە باڵکۆنی ماڵەکەت ساز کردوە.

ئانا: کەواتە، سبەی بۆم بگێڕەوە باشە؟

ماتیڵد: باشە. بەیانی.

«لین بەتانییەکی بەدەستەوەیە دەێتە ژوورەوە.»

«بەتانیەکە دەدات بە ئانا.»

لین: هیوادارم بە ڕادەی پێویست گەرمت بکاتەوە.

ئانا: سوپاس.

( بە ماتیلد): شەوتان باش.

«ئانا سەری دەخاتە سەر بالیفەکە و چاوەکانی دادەخات.»

(بە چرپە بە لین): بۆ خولەکێک دێیت؟

لین: ئێستا دێم.

«ماتیلدە لە شانۆکە دەردەچێت.»

«لین لەسەر زەوی دادەنیشێت و سەیری ئانا دەکات کە خەوی لێکەوتووە.»

«هەر وەک سەگێکی پاسەوان، چاودێری حاڵ و ڕۆژی ئانا دەکات.»

١٣_ماتیڵد گاڵتەیەک بۆ ئانا دەڵێت.

«ڕووناکی لە شەوێکەوە بۆ ڕۆژێکی تر دەگۆڕێت.»

«ڕۆژی دواتر.»

«لین و ڤێرجینیا و ماتیڵد لە دەوری ئانا کۆبوونەتەوە.»

ئانا: دەمەوێت ماڵئاوایی لە هەمووان بکەم پێش ئەوەی ماتیلد گاڵتەجاڕییەکەیم بۆ بگێڕێتەوە.

لین: دەتەوێت شتێکت پێ بدەم بۆ ئەوەی کەمتر هەست بە ئازار بکەیت؟

ئانا: نەخێر.

لین: دڵنیای؟

ئانا: بەڵێ. ماڵئاوا لین.

لین: ماڵئاوا ئانا.

«یەکتر لە باوەش دەگرن.»

ئانا: ئاگاداری چارلز بە.

لین: پێت وایە من ئەمە بکەم؟

لین: بۆ نا؟

لین: بۆ وا بیر دەکەیتەوە؟

ئانا: چونکە تۆ ئەوت خۆشدەوێت.

ماڵئاوا ڤێرجینیا.

«ڤێرجینیا دەگری.»

مەگری. سوپاس بۆ ئاگاداربوونم.

«ڤێرجینیا بەردەوامە لە گریان.»

واو... دەبینیت؟ خراپتر دەبێت ڤێرجینیا وەرە یارمەتیم بدە ناتوانم بە تەنیا بیهێڵمەوە. ماتیلدە پەلە بکە و ئەو گاڵتەجاڕییە بگێرەوە.

ماتیڵد: ئامادەی؟

ئانا: بەڵێ.هەموو مرۆڤەکان کاتێک دەمرن پاڵدەکەون، بەڵام من دەمەوێت بە وەستانەوە بمرم.

«ئانا هەڵدەستێت.»

( بۆ لین و ڤێرجینیا): باشترە هەردووکتان لە ژوورەکە دەربچن، نامەوێت ئێوە جوانە مەرگ بن.

«سەریان دەجوڵێنن و ژوورەکە بەجێدەهێڵن.»

ماتیلدە من دەمەوێت ئەو گاڵتەجاڕییە ببیستم.

«ڕووناکییەکە دەگۆڕێت.»

«مۆسیقا.»

«ماتیلده له بن گوێی ئانا چرپه دەکاته، که ئێمه وەک بینەران نایبیستین.»

«بەڵکو لەم ساتەدا بینەر گوێی له مۆسیقاکه دەبێت.»

«ژێرنووسێک به بەرچاوی بینەردا تێدەپەڕێت، که لەسەری نووسراوە: کۆمیدیترین گاڵتەجاڕی له جیهاندا.»

«ئانا پێدەکەنێت و پێدەکەنێت.»

«ئانا خۆی کۆدەکاتەوە.»

«ماتیلده له تەنیشتیەوە ئەژنۆ دەدات.»

«ماتیڵد هاوار دەکات.»

ماتیڵد: وای.....

«لەین و ڤێرجینیا بەپەله دەێنه ژوورەوە.»

«لین دڵی ئانا دەپشکنێت.»

«لین سەیری ڤێرجینیا دەکات.»

ڤێرجینیا: چی بکەین؟

لین: نازانم.

ڤێرجینیا: تۆ دکتۆرێکی !

لین: تا ئێستا کەسم نەبینیوە لەو ماڵەدا بمرێت. تەنها له نەخۆشخانه بینیم خەڵک دەمرن. لەو شوێنەی که پەرستارەکان خۆیان هەموو شتێک دەکەن.

ڤێرجینیا: دەتوانی پێم بڵێی ئەوان چی دەکەن؟

ماتیلده: چاوی مردووەکان دادەخەن.

لین: ئەوە ڕاسته.

«ماتیڵد چاوەکانی ئانا دادەخات.»

ماتیلده: هەروەها تەرمی مردوو دەشۆن.

لین: خۆم دەیشۆم.

«لین دەچێت خاولییەک و قاپێک ئاو دەهێنێت.»

ڤێرجینیا: ئایا پێویسته نوێژ بکەین؟

ماتیڵد: دەبێت نوێژ بکەیت ڤێرجینیا.

دووعا شوێنەکە پاک دەکاتەوە هەروەک چۆن ئاو پیسی لادەبات.

ڤێرجینیا: ئانا. خۆزگە لە ئێستاوە سێو هەڵبەگریتەوە.

«لین بە دەفرێک ئاوەوە دەچێتە ژوورەوە.»

«جەستەی ئانا دەشوات.»

«کات بە هێواشی تێدەپەڕێت.»

چارڵز (دەنگی لە دەرەوە دێت): ئانا.

«چارڵز لە دەرگاکە وەستاوە.»

ئانا ئانا

«ژنان سەیری یەکتر دەکەن.»

«لین دەچێتە لای چارڵز.»

«چارڵزکە دارێکی گەورەی هەڵگرتووە نزیک دەبێتەوە.»

«لە ئارەقە دا تەڕ بووە و بە توندی هەناسە دەدات.»

«ئەو دارەکەی مەودایەکی دووری هەڵگرتووە.»

ئەم دارەم گێرایەوە.

«هاواردەکات...»

لین: دەزانم.

چارڵز: پێویستت بە یارمەتی نییە؟

لین: نەخێر.

چارڵز: بۆچی؟

لین: چارڵز.

چارڵز: تۆ لەوێ بوویت؟

لین: بەڵێ.

چارڵز: دەتوانم ببینم؟

لین سەری دەجوڵێنێت.

لین: چارڵز؟

«لین نێوچاوانی چارڵز ماچ دەکات.»

چارڵز: سوپاس. دەتوانی ئەم دارە لە من وەربگریت؟

«لین سەری دەجوڵێنێت.»

«لین دارەکە لە چارڵز وەردەگرێت.»

«چارڵز دەچێتە لای تەرمی ئانا.»

«خۆی فڕێ دەداتە سەر تەرمی مردووەکە و ڕووناکی شانۆکە ماتیلدە ئاشکرا دەکات.»

## ١٤_. ماتیلدە

«ماتیڵد، بۆ ئامادەبووان:»

ماتیلدە: من دایک و باوکم بەم شێوەیە خەیاڵ دەکەم.

«ئانا و چارڵز خۆیان بە دایک و باوکی ماتیلد دەگورنەوە.»

«چارلز لە ژێر چاکەت ئەستوورەکەیدا وەک باوکی ماتیڵد جل و بەرگی لەبەردایە و ئانا لە ژێر خاولی حەمامەکەیدا وەک دایکی جل و بەرگی لەبەردایە.»

هیچ شتێک وای نەماوە من لەدایک بم.

نەخۆشخانەکە زۆردورە.

دایکم سەردەکەوێتە سەر گردێک و دەڵێت: کاتی خۆیتی ، مانگی دسامبرە.

دایکم لە ژێر دارێکدا پاڵکەوتووە.

باوکم گاڵتەیەکی پێ دەڵێت بۆ ئەوەی ئازارەکەی کەم بکاتەوە.

«باوکی ماتیلدە بە زمانی پرتەقاڵی گاڵتەیەک بە دایکی دەڵێت.»

دایکم پێکەنی.

دایکم هێندە بە توندی پێکەنی کە منی فڕێدرایە دەرەوە.

# مالی خاوێن

دایکم دەیگوت من تاکە منداڵێکم  کە بە پێکەنینەوە لەدایک بووم.

وتی کاتی من لەدایک بووم بە گاڵتەجاڕی باوکم پێدەکەنیم.

سەرەتا پێکەنیم، دواتر یەکەم هەناسەم هەڵمژی، دواجاریش تەنها دەستم کرد بە گریان.

«ماتیڵد سەیری دایک و باوکی دەکات.»

«ئەمە دوا نیگایە لە نێوانیاندا.»

«ماتیڵد ڕوو لە بینەران دەکات.»

بە بڕوای من بەهەشت جگە لە ئۆقیانوسێکی پڕ لە نوکتەی تێنەگەیشتوو هیچی تر نییە.

تەنها یەک کەس پێدەکەنێت.

کۆتایی














The
Clean
House
by
Sarah
Ruhl
SAMUEL FRENCH















